# پارا-دیپلۆماسیی کورد



ئاورێک لە سێ چارەگە سەدە پێوەندیی نێونەتەوەیی

# حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ئاسۆی حەسەن زادە

(ئووتی ٢٠٢٠ – گەلاوێژی ١٣٩٩)

***ئەم باسە لەبنەڕەتڕا بۆ پرۆژەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی یووبیلی ئەڵماسی ئەو حیزبە نووسراوە و لەگەڵ کۆمەڵێک وتار و بابەتی دیکە، کە یەک لەوان دوا نووسینی ژیانی سەروەری خۆشەویست کاک جەلیل گادانی‌یە، لەلایەن ئەو حیزبەوە چاپ و بڵاوبۆتەوە. بەستتنی نوسخەی کۆتایی ئەم نامیلکەیە هاوکات بوو لەگەڵ کۆچی دوایی ئەو خەباتگێڕە مەزنە کە خەمخۆرێکی گەیاندنی دەنگی حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات بە دنیای دەرەوەش بوو. بۆ تۆمار کردنی حەسرەتی ڕۆیشتنی لە دنیای کەم دەرووی کوردان، و بە نیشانەی ئەمەگناسی و هەرگیز لەبیرنەکردنی، ئەم باسە پێشکەشە بە ڕووحی نەسرەوتووی کاک جەلیل گادانی کە ئەوەندە سەوداسەری ئازادیی گەلەکەی و جیهانێکی باشتر بوو.***

## نەخشە

پێشەکی : چەمک و چوارچێوە ........................................ ٣
١. بنەمای پێوەندیی دەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ........................ ٧
٢. مامەڵە لەگەڵ بلۆکبەندییە نێودەوڵەتییەکان ........................ ١٠
٢.١/ حیزبی دێموکڕات و بلۆکی سۆڤیەت ........................ ١٠
٢.٢/ چەپی رۆژئاوایی ........................ ١٩
٢.٣/ حیزبی دێموکڕات و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ........................ ٢١
٢.٣.١/ بارگرانیی گوتاریی دژە ئیمپریالیستی ........................ ٢١
٢.٣.٢/ لە دژایەتییەوە بۆ چاوەڕوانی ........................ ٢٤
٣. پێوەندیی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە ........................ ٣٠
٣.١/ دەوڵەتی عیراق ........................ ٣٠
٣.٢/ دەوڵەتانی دیکەی حاکم بەسەر کوردستاندا ........................ ٣٢
٣.٣/ وڵاتانی عەرەبی ........................ ٣٣
٤. حیزبی دێموکڕات و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان ........................ ٣٥
٤.١/ رێکخراوە جیهانییەکان ........................ ٣٥
٤.٢/ "دیپلۆماسیی بەشەردۆستی" ........................ ٣٨
٤.٣/ راگەیەنە گشتییەکانی دنیا ........................ ٣٩
٥. پرەنسیپەکانی پێوەندییە دەرەکییەکانی حیزبی دێموکڕات ........................ ٤١
٦. هەڵسەنگاندنی بەرهەمی تێکۆشانی نێونەتەوەیی حیزبی دێموکڕات ........................ ٤٧
ئەنجام: دوورەدیمەنی پاڕادیپلۆماسیی کوردی رۆژهەڵات ........................ ٥٢

## پێشەکی : چەمک و چوارچێوە

یاسای نێونەتەوەیی تەنیا دەوڵەت بە سووژەی تەواو عەیاری خۆی قبووڵ دەکا.[1] دیپلۆماسی وەك لقێکی ئەوەڵیی یاسای نێونەتەوەیی بە پرۆسەی بەڕێوەبردنی پێوەندیی نێوان 'نەتەوە سەربەخۆکان' دەگوترێ. بەڵام واقیعییەتی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لەوە ئاڵۆزترە و سووژەکانی دیکەی غەیری دەوڵەت[2] هەتا هاتووە زیاتر لە مەیدانی نێونەتەوەییدا خۆیان دەرخستووە. یەکێک لەو سووژانە گەلانی بێدەوڵەت و ئەو بزوتنەوانەن کە لە پرۆسەی بوون بە دەوڵەت و لە ڕەوتی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیاندا نوێنەرایەتیی ئەو گەلانە دەکەن. بەهۆی سروشتی سەروەریخوازانەیان و لەو حاڵەتانەدا کە بەستێنی دێموکراتیک بۆ چارەسەری کێشەکان لە نێوخۆی وڵاتەکەدا نیە، دەرکەوتن و دانپێدانران لە بواری دیپلۆماسیدا هەمیشە یەکێک لە عوقدە و ئارەزووەکانی ئەو بزوتنەوانە بووە.

وەها دەرکەوتن و دانپێدانرانێک بۆ ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان (بەتایبەتی بزوتنەوە رزگاریخوازەکان) کە نەک هەر بەدژی نەزمی مەوجوود لە وڵاتی خۆیاندا، بەڵکوو بەدژی ڕێوشوێنەکانی زاڵ بەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیش دەجوڵێنەوە، هەمیشە لەگەڵ بەربەستی گەورەی سیاسی و قانوونی بەرەوڕوو بووە. لەسەریەک ناچارین بڵێین دەرەتان و مێکانیزمی قانوونیی بەڕەسمی ناسینی 'توانای نێونەتەوەیی'[3] ئەو بزوتنەوانە لاواز و سنووردارە. جیا لە ڕێکارە نێونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا رادەیەک لە تریبوونی نێونەتەوەیی بۆ گەلانی ژێردەستەش دەڕەخسێنن،[4] پراکتیکی نێونەتەوەیی هێندێک حاڵەتی سەرنجڕاکێشی وەک بەڕەسمی ناسینی سەرهەڵداوان (ئەگەر لانیکەم بەشێك لە خاکی وڵات

---

[1] سووژە بە مانای کەسایەتیی حقووقیی خاوەن ماف و ئەرک.

[2] ئەو ئەکتەرانەی ئەمڕۆ لە بەستێنی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا دەیانەوێ رکابەریی دەوڵەت بکەن بریتیین لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، تاک، هەرێمەکان، کۆمپانیا فرەنەتەوەکان، 'ئێن‌جی‌ئۆ'یەکان، و بزوتنەوە چەکدارەکان.

[3] International legal capacity.

[4] بۆ نموونە بنیاتەکانی شوڕای ئورووپا و کۆمیسیاریای بەرزی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (شووڕای مافی مرۆڤ/ فۆڕۆمی کەمایەتییەکان و گەلانی بوومی).

کۆنترۆڵ بکەن و حکومەتێکی دوفاکتۆی تێدا دابمەزرێنن) و بەخشینی ستاتووی "بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی" (بەو گەلانەی بۆ رزگاری لە ئیستعمار خەبات دەکەن) لە خۆی دەگرێ. بەڵام حاڵەتی یەکەم زۆر ئیستنسایی و ناپایەدارە؛ حاڵەتی دووەمیش تەقریبەن نەماوە، چونکە نزیک بە تەواوی موستەعمەرەکان (بە مانا قانوونییەکەی) بە سەربەخۆیی گەیشتوون. هەربۆیە بەگشتی ئەمڕۆ یاسای نێونەتەوەیی تەنیا لە گۆشەنیگای ئینسانی و بۆ جێبەجێکردنی ئاکامەکانی قانوونی بەشەردۆستی حازرە مامەڵە لەگەڵ بزوتنەوە چەکدارەکان بکا.[5]

ئاکامی ئەو "بەرچاوتەنگی"یەی نەزمی قانوونیی جیهان ئەوەیە کە جووڵە و خۆنیشاندانی گەلانی بێدەوڵەت لە ئاستی نێونەتەوەییدا لە هەر چەشنە بنەمایەکی روون و پتەوی قانوونی بێبەشە و ئەوەی لەو بوارەدا دەبینرێ زۆرتر لۆبیگەریی نێو داڵانەکانە و فەرمییەتی نیە، مەگەر لەو حاڵەتانەدا کە نەزمی حقووقیی نێوخۆی وڵاتێك بەڕەسمی مافی هەبوونی پێوەندیی دەرەکی بۆ پێکهاتە و قەوارەکانی نێو خۆی پەسند کردبێ. دیاردەیەکی نوێ لەو پێوەندییەدا ئەو شتەیە کە بە "پاراڕادیپلۆماسی"[6] یان دیپلۆماسیی هاوتەریب (موازی) ناوی دەرکردووە و بریتییە لە دەرفەتی ڕەسمی و قانوونی بۆ هێندێک لە قەوارەکانی خوارووی دەوڵەت[7] بەتایبەتی هەرێمەکانی نێو دەوڵەتانی فێدراڵ بۆ بردنەپێشی پێوەندیی نەهادینەی دەرەکی، چ بە هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەت و بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە لەسەر ئاستی هەرێمی، چ بە نیەتی

---

5 NGUYEN Quoc Din, PELLET Alain (*et alt.*), *Droit international public*, LGDJ, Paris, 8ème édition, p. 632.

6 ئەم دیاردەیە لە شەستەکانی زایینیەوە لە وڵاتانی 'رۆژئاوایی'دا پەرەی گرتووە. خودی چەمکی پارادیپلۆماسی بۆ هەشتاکانی زایینی دەگەڕێتەوە لەپێوەندیی لەگەڵ پراکتیکی کانادا و هەرێمە فیدراڵ و ئۆتۆنەمەکانی نێو یەکێتیی ئورووپادا.
MICHELMANN, Hans J. and SOLDATOS, Panayotis (Eds.), Federalism and International Relations: The Role of Subnational Units. Oxford 1990, Clarendon Press.

7 Sub-State entities.

ڕکابەری لەگەڵ ئاقارەکانی دەسەڵاتی ناوەندی و داکۆکی لە بەرژەوەندییە ئابووری و فەرهەنگییەکانی قەوارە ناسەربەخۆکان.

بزوتنەوەی کورد وەک بزوتنەوەی نەتەوەیەك کە هەمیشە بە خەونی سەربەخۆیی‌یەوە ژیاوە و لەبەرامبەر دیکتاتۆری و دڕندەیی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستانیشدا ناچار بووە هاوار و هانای خۆی بۆ "کۆمەڵگای نێونەتەوەیی" بەرێ، لە سەرەتا و نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە بەردەوام لە هەوڵی دامەزراندنی پێوەندیی دەرەکی و دانپێدانرانی نێونەتەوەیی‌دا بووە. لەگەڵ ئەوە کە چەمکی پارادیپلۆماسی لە بنەڕەت‌ڕا بۆ ئەو گەل و کەمایەتی‌یە نەتەوەییانە دانراوە کە خاوەنی قەوارەیەکی خواردەوڵەتی (ئۆتۆمی یان فیدرالی)-ن،[8] ئێمە بەکاربردنی چەمکی پارادیپلۆماسی بۆ کورد لێرەدا لەبەر ئەوە بە گونجاو دەزانین کە دەستەواژەیەکی نەرم و تێگەیشتنی ئاسانە و توانای وەخۆگرتنی گەشەسەندنە حقووقییەکانی ئەو بوارەشی هەیە. لەلایەکی دیکەوە، پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان (قەوارەیەک کە پاش تێپەڕینی نزیک بە سێ دەهە لە دامەزرانی، و دەهە و نیوێک دوای دانپێدانرانی دەستووریی لە ئاستی عیراقدا، هێشتا سروشتی بزوتنەوەیەکی سیاسیی رزگاریخوازانەی ماوە) لە خانەی پارادیپلۆماسی‌دا جێ دەگرێ. ئەمەش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو فۆرمووڵە سیاسییەی کوردی پارچەکانی دیکەش لە قۆناغی ئێستادا بۆ هاوشێوەکەی خەبات دەکەن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشەنگ و ئەکتەری هەرە چالاکی پارادیپلۆماسیی کورد حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئایا ئەو حیزبە بە درێژایی تەمەنی خۆی لەسەر کام بنەما و بە چ ئامانج و فەلسەفەیەک لە هەوڵی دامەزراندن و بردنەپێشی پێوەندیی نێونەتەوەیی‌دا بووە؟ سروشت و رێکاری ئەو پێوەندییانە چ بوون؟ مامەڵەی ئەو حیزبە لەگەڵ بلۆکبەندییە جیهانی و هاوکێشە ناوچەییەکان چۆن بووە؟ ئەو حیزبە چ ڕادەیەک لە سەرنج و پشتیوانیی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییە سیاسی و ئینسانی و مێدیاییەکانی بۆ لای خەباتی خۆی و پرسی گەلەکەی

[8] بۆ ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکانی تر، چەمک و دەستەواژەی وەک دیپلۆماسیی نافەرمی یان 'ڕێگای دووەمی دیپلۆماسی' (*Track II Diplomacy*) بە کاردێ.

ڕاکێشاوه؟ ئایا حیزبی دێموکڕات لەو بوارەدا توانیویەتی لەبەرامبەر تەزادە زاتییەکانی مەسەلەی کورد و فشارە دەرەکی و دیلەما[9] سەختەکاندا خۆی پێڕابگیرێ؟ ئەو فاکتەرانە چین کە دەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی واقعبینانەی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی تێکۆشانی حیزب لەو بوارەدا لەبەر چاویان بگرین؟ بۆ داهاتوو دەبێ چ بکرێ؟

ئەم باسە هەوڵ دەدا بە ئاوڕدانەوە لە حەفتا و پێنج ساڵ تەقەللای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەستێنی نێونەتەوەییدا وڵامێک بۆ ئەم پرسیارانە پێشنیار بکا. بۆ ئەو مەبەستەش بەپشتبەستن بە پێناسەیەک کە حیزبی دێموکڕات بۆخۆی لەو بوارەدا کردوویەتی،[10] ئەم وتارە وای دادەنێ کە پاڕادیپلۆماسیی ئەو حیزبە هەموو ئەو پێوەندییانە دەگرێتەوە کە نە کوردستانی و نە ئێرانیین. فاکتەکانی نێو ئەم بابەتە ئەدەبیاتی ڕەسمیی حیزبی دێموکڕات و ئەو شتانەن کە لە درێژەمەودادا لەلایەن ڕێبەران و کەسایەتییە دیارەکانی ئەو حیزبەوە باس کراون یان بەهەرحاڵ چیدیکە نهێنی نین. (لێرەدا خۆ لەو بابەتانە دەبوێردرێ کە ئاماژەپێکردن و تۆمارکردنیان بۆ ئەمڕۆ بە گونجاو نازانرێ). ئەم نووسینە هەروەها گوتاری ڕەسمیی حیزبی دێموکڕات لە ڕەوتی مێژوویی ڕوو بە دەرەوەی خۆیدا چاو لێ دەکا و ناچێتە نێو وردەکاریی جیاوازییە فیکری و تەشکیلاتی و دابڕانەکانی نێو ڕیزەکانی ئەو حیزبە.[11] لەگەڵ ئەوە کە لێکدانەوەی تەوەرەکانی ئەم باسە کۆی تەمەنی حیزبی دێموکڕات دەگرێتەوە، ماتریالی خاوی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە مەودای نێوان دامەزرانی حیزب هەتا لەتبوونی حیزبی دێموکڕات[12] سنووردار کراوە. (لەم پێوەندییەدا گۆڕانێکی بنەڕەتی لە واقعیاتی دەهە و نیوێك لەمەوبەر نەهاتۆتە پێش).

---

[9] واتە ناچاربوون بە هەڵبژاردن لەنێوان دوو بژاردە کە هەردووکیان خراپ یان نادڵخواز بن.

[10] ئەم پێناسەیە عورفییە و بۆ ناسنامەی نەتەوایەتی و ستراتژیی سیاسیی حیزبی دێموکڕات دەگەڕێتەوە. ئۆرگانیگرامی نوێنەرایەتی و پێوەندییەکانی حیزبی دێموکڕات لە سەردەمی ئەمڕۆدا بەتایبەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی ئەو حیزبە بەرهەمی ئەو پێناسەیەیە.

[11] دەزانین کە جۆری مامەڵە و ڕوانین بۆ دنیای دەرەوە هەمیشە یەکێک لە تەوەرەکانی ناکۆکییە تەشکیلاتی و لێکدابڕانەکانی مێژووی حیزبی دێموکڕات بووە، ئەگەرچی جیاوازییەکان لەو بوارەدا زۆربەی جار ڕواڵەتی و دەسکرد بوون.

[12] لە ٦ی دێسامبری ٢٠٠٦.

## ١/ بنەمای پێوەندیی دەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە نوختە وەرچەرخانێک لە بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا لە قەڵەم دەدرێ. بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا پرۆژەی سیاسیی ئەو گەلە لەسەر بنەمایەکی جەماوەری، بە فەلسەفەی هاووڵاتیبوون و لە بیچم و کاردروستاییەکی مۆدێرندا رێک دەخرێ. ئەوە کە هەر پاش دامەزرانی حیزبی دێموکڕات ئەو حیزبە ریسالەتی سروشتیی خۆی کە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسییە جێبەجێ دەکا، هاندەرێکە بۆ ئەوەی رێبەرانی حیزب و کۆماری کوردستان -سەرەڕای ماوەی کورت و ئەزموونی کەم- هەنگاوی مەزن لەبواری هێماسازی و دابینکردنی کەرەستە زەینی و عەینییەکانی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی هەڵبێننەوە. دیارە بەهۆی لاوازیی ژێرخانی پێویست بۆ بنیاتنان و پاراستنی کۆمار لە ژینگەی ناجێگیر و هەلومەرجی ناڕوونی ئەوسادا، بەشی زۆری مشوور و وزەی رێبەرانی حیزب و کۆمار بۆ داڕشتنی بنەما نێوخۆییەکانی قەوارەی کوردی تەرخان دەکرێ، بەڵام ئەوان هەر ئەو کاتەش لە گرینگیی فاکتەری دەرەکی غافڵ نین و بۆ راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی هەوڵ دەدەن.

بە دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بژاردەی سیاسیی کورد بە شێوەی سیستماتیک تێدەکۆشێ خەباتی خۆی و پرسی میللەتەکەی لە حاڵەتی کێشەیەکی ئێزۆلە و دابڕاو لە ڕەوت و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچە و جیهان دەربێنێ و هەوڵ دەدا لە خۆی دیار بکا لەکوێی نەخشەی ئەم هاوکێشانە راوەستاوە. حیزبی دێموکڕات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بەو باوەڕەوە دەست بە تێکۆشان دەکا کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە و پێویستە بە نێونەتەوەیی بکرێ. بە چاوخشاندنێک بە دۆکومێنت و بڵاوکراوەکانی ئەوکاتی حیزبی دێموکڕات و کۆماری کوردستان دەبینین کە رێبەرانی حیزب و کۆمار بەتایبەتی پێشەوا قازی محەممەد ئاگاداری ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەییەکانی ئەودەم بوون و بە چاوەڕوانی و بایەخپێدانەوە لەو ئاڵوگۆڕانەیان ڕوانیوە. سەرۆک کۆماری کورد هەروەها لە نوتق و وتووێژەکانی خۆیدا زۆر جار بۆ نیشاندانی هەقانیەت و ئاسایی بوونی ویست و داوای سیاسیی کورد، ئاماژەی بە

ئەزموونی گەلانی جیهان لەبواری گەیشتن بە سەربەخۆیی یان پێکەوەژیانی دادپەروەرانەیان کردوە.[13] دیارە لەبەر ئەوەی ئەو کاتە کەم کەس تێگەیشتن و زانیارییان لەسەر دنیای دەرەوە لە ئاستی پێشەوادا بووە، جاری وایە هێندێک لە دەربڕین و فۆرموولەکان زۆرتر ڕەنگدانەوەی هەست و هیوای خەڵک بوون و ناکامڵیی سیاسی و حقووقییان پێوە دیارە. بۆ نموونە یەکەمین مەرامنامەی ئەو حیزبە پێشبینی دەکا کە "[حکومەتی میللیی کورد] لە تەواوی ئەو کۆنفرانسە بەینەلمیلەلییانەی بۆ ژیانی بەشەریەت دائەمەزرێن، بە گوێری نفووسی خۆی تەواوی حقووقەکانی خۆی داوا ئەکات."[14] ڕۆژنامەی "کوردستان" بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکڕاتیش لە بەرەبەیانی کۆژانەوەی ئاگری شەڕی دووەمی جیهانی و خستنەوەسەرپێی نەزمی جیهانیدا بە دڵنیاییەوە دەنووسێ "کورد ئەمجارە وەک شەریف پاشا بە نائومێدی کۆنگرەی سوڵح بەجێ ناهێڵێ" و "حقووقی تەبیعیی خۆی کە سەربەخۆییە وەردەگرێ"![15]

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە قۆناغەکانی دواتری خەباتی خۆیشیدا هەمیشە هەبوونی پێوەندیی نێونەتەوەیی بە هەقێکی ڕەوای خۆی زانیوە. بە باوەڕی ئەو حیزبە "بەپێچەوانەی ئیدیعای کاربەدەستانی زۆردار و کۆنەپەرست کە پێوەندیی هەر بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە لەگەڵ دنیای دەرەوە بە نیشانەی بەستراوەیی و بەکرێگیراوی دادەنێن، بوونی ئەو چەشنە پێوەندییانە لە دنیای دەرەوەدا یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی ناسران و بەرەوپێشچوونی

[13] بۆ نموونە نوتقی ڕۆژی ٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ کە لەودا پێشەوا دەڵێ ئەگەر ئەو عەداڵەتەی لەنێوان گەل و پێکهاتەکان لە ئەمریکا و شووڕەوی وەدی هاتووە بۆ ئێمەش دابین بکرێ، ئێمە لە چوارچێوەی ئێراندا دەمێنینەوە. ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٥٠)، ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥.

[14] بەندی (١٧)ی مەرامنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. لەگەڵ هەموو ڕەواییەکەی، دەزانین کە لەوکاتەدا گەلانی ژێردەستەی وەکوو گەلی کورد ڕاستەوخۆ دەستیان وە کۆنفڕانسە نێونەتەوەییەکان ڕانەگەیشتووە. هیچ کاتێکیش نەزمی حقوقیی نێونەتەوەیی ڕێژە و ژمارەی دانیشتووانی وەک پێوەرێکی بوون بە دەوڵەت حیساب نەکردوە.

[15] "کورد و کۆنگرەی سوڵح"، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٤١)، ١١ی بانەمەڕی ١٣٢٥. دەستڕاگەیشتنی کورد بە چوارچێوەکانی راوێژی نێودەوڵەتی لەبارەی نەخشەی سیاسیی ئایندەی ناوچەکانی دەرگیر لە شەڕی دووەمی جیهانیدا زۆر لەوەش کەمتر بوو کە ئێلیتی کورد لە کاتی کۆنفرانسەکانی ئاشتی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی توانیبووی بیکا.

هەر بزوتنەوەیەکی هەقخوازانەیە". [16] سکرتێری گشتیی هەرە شوێندانەری ئەو حیزبە واتە دوکتور قاسملوو کە پێشەنگ و ڕچەشکێنی پاڕادیپلۆماسیی کوردیش بوو، یەکێک لە پەیام و پێداگرییە هەمیشەییەکانی پێویستیی بەنێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد بوو. لە حیزبی دێموکڕاتیشدا هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو کە ئەو حیزبە ڕوانگەیەکی مەعقوول و زانستی بەڵام سیاسی و سەربەخۆی بۆ مەسایلی نێونەتەوەیی هەبێ؛ سیستمی پێوەندییەکانی نەهادینە بکا؛ ئیمکاناتی بۆ تەرخان بکا؛ کادری شارەزای بۆ پەروەردە بکا؛ و لەپێناو بەرژەوەندیی گەلی کورد و پێویستییەکانی خەباتدا بەدوور لە دۆگماتیسم و بە ڕەعایەتی ئەخلاقی سیاسی کەناڵی جۆربەجۆر تاقی بکاتەوە.

---

[16] بڕیارنامەی کۆنگرەی دوازدەهەم.

## ٢/ مامەڵە لەگەڵ بلۆکبەندییە نێودەوڵەتییەکان

لە کۆی سێ چارەگە سەدە تەمەنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دوو چارەگە سەدەی لە سەردەمێکدا تێپەڕ بووە کە رکابەریی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا و هاوکێشەی دوو جەمسەری، خیسڵەتی هەرە زاڵی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بوو. لەگەڵ ئەوە کە وەك دواتر دەبینین[17] شوێنەواری ئەم دابەشبوونە جیهانگیرە لەسەر پرسی کورد زۆربەی کات ناڕاستەوخۆ بووە، بەڵام حیزبی دێموکڕات لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەی خۆیدا لە خۆیڕا دیوە روانینی خۆی بۆ هەرکام لەو دوو جەمسەرە نێودەوڵەتییە بخاتەڕوو.

لە سەردەمی شەڕی سارددا حیزبی دێموکڕات هەرلەوکاتەدا کە خۆی لە بەرەی دژە ئیمپریالیستیدا پێناسە دەکرد، تێدەکۆشا وەک پاشکۆ و پێڕەوی بلۆکی سۆسیالیستییش نەجوڵێتەوە. کاتێکیش شەڕی سارد کۆتایی پێ هات، ئەو حیزبە سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکانی پێشووی بەتەواوی لە پێوەری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی خۆی سڕیەوە.

## ٢.١/ حیزبی دێموکڕات و بلۆکی سۆڤیەت

دامەزرانی حیزبی دێموکڕات و کۆماری کوردستان -پێش ئەوانیش تێکۆشانی کۆمەڵەی ژێکاف- لە کاتێکدا روو دەدەن کە لەبەر دابینکردنی پێویستییە لۆژیستییەکانی بەهاناوەچوونی سۆڤیەت لەلایەن ئەمریکا و بریتانیاوە لە بەرامبەر ئاڵمانی نازیدا، 'ئەرتەشی سوور' لە باکووری ئێرانەوە تا باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان حزووری هەبوو. لەگەڵ ئەوە کە ئیدیعای دوژمنانی کورد لەمەڕ ئەوە کە کۆماری کوردستان دروستکراوی سۆڤیەت بووە تەواو

---

17 خوارەوە، بەشی ٥.

بێبنەمایە،[18] بەهۆی پاشخانێک لە کارتێکەریی سیاسی و ئیدەئالسازی کە شووڕەوی لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبرەوە لە ئێراندا هەیبوو، هەروەها بەهۆی دابەشبووونی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەسەر دوو لایەنی شەڕی دووەمی جیهانی و لەوەش گرینگتر پێویستیی کورد بە پشتیوان و هاوپەیمانێکی نێودەوڵەتی، خەڵکی کوردستان و بژاردەکانی هیوایەکی زۆریان لەسەر پشتیوانیی سۆڤیەت لە هەنگاوی سەروەریخوازانەی کورد هەڵچنیبوو. لەو سۆنگەیەوەیە کە یەکەمین مەرامنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێشبینی دەکا کە ئەو پێوەندییانەی "حکومەتی میللی [ی کورد] بەلەبەرچاوگرتنی قازانجی خۆی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر" دایاندەمەزرێنێ "لە نۆبەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی مەزنی شۆڕەوی" دەبن.[19]

بە هۆکاری عەینی و زەینی، چاوەڕوانییەکان لە پشتیوانیی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان بە ڕادەیەک بوون کە جاروبار لە ڕۆژنامەی "کوردستان" و لە فەزای ڕووناکبیریی ئەو سەردەمەدا هێندێك زیادەڕەوییش لە دەربڕینی سۆز و لایەنگری لە شووڕەوی و سەمبول و سەرکردەکانی دەبینرا. بۆ نموونە، ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی دێموکڕات لە یەکەمین مانگەکانی خۆناساندنی ئەو حیزبەدا زۆر وتار و سەروتار و بابەتی لە پەسنی "ژەنرالیسیموس ستالین"[20] و بۆ بڵاوکردنەوەی وتووێژەکانی لەگەڵ "پراڤدا"[21] و ناساندنی "هۆردووی سوور"[22] و شینی لەدەستدانی هێندێک سەرکردەی سۆڤیەت[23] تێدایە.

---

[18] جیا لەو پاشخانە سەدان ساڵەیەی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کە حیزبی دێموکڕات و کۆماری کوردستان پاڵیان وێدابوو، جێی ئاماژەیە کە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی لەو ناوچەیە کە دواتر کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، ساڵی ١٩٣٩ واتە چەند ساڵ پێش هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئێران و کوردستان دامەزرابوو.

[19] بەندی (١٦).

[20] ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (١١)، ژانویەی ١٩٤٦.

[21] ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٢٩)، خاکەلێوەی ١٣٢٥.

[22] ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (١٨)، ٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ و ژمارە (٢٠)، ٨ی ڕەشەممەی ١٣٢٤.

[23] بۆ نموونە "الوداع ئەی کالینینی عەزیم"، ژمارە (١١)، ژوئەنی ١٩٤٦. میخائیل کالینین یەکێک لە ڕێبەرانی بۆلشویک بوو کە تا کاتی مەرگی بەڕەسمی سەرۆکی شوورای عالیی دەوڵەت بوو.

بەڵام ئایا واقعیەتی پێوەندییەکانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕات و کۆماری کوردستان لەگەڵ شووڕەوی لە مەیدانی کردەوەدا چی بوو؟

هەر لە مانگی ئووتی ١٩٤١ڕا کە لەشکری سوور هەتا ورمێ دێتە پێش، کۆمیسێرە سیاسی و ئەفسەرەکانی رووس بەلەبەرچاوگرتنی زەمینەیەکی بەهێزی شوناسخوازی کە لە کوردستاندا هەبوو، هەستیان بە پێویستیی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ کوردەکان کردبوو. ئەوان لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٠ دا سەردانی مەهاباد دەکەن و دوای ئەوە هەیئەتێکی سی کەسی لەژێر ناوی فەرهەنگی و لەڕاستیدا بە ئاجێندای سیاسییەوە بۆ باکوو (پێتەختی ئازەربایجانی شووڕەوی) بانگ دەکرێ. لەو سەفەرەدا جەعفەر باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بەناوی شووڕەوییەوە بە کوردەکان ڕادەگەیەنێ کە ئامادەن پشتیوانییان لێ بکەن. پشتیوانییەک کە لە دیدی پێشەوا پێویستە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کورد بێ.

ئەم قسانە شتی کۆنکرێتیان لێ ناکەوێتەوە تا ئەو کاتەی فیرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجانیش پێک دێ و لە خەرمانانی ١٣٢٤دا پێشەوا و هەیئەتێکی پوختتر جارێکی دیکە دەچنەوە باکۆ و لەوێ داوای یارمەتیی ماڵی و چەک و تەقەمەنی لە سۆڤیەت دەکەن. بەرهەمی ئەم سەردانە پێدانی دە هەزار قەبزە چەکی بڕنۆ[24] و ناردنی شەست کەس لە لاوانی کورد بۆ ڕاهێنان لە سۆڤیەت و دابینکردنی دەزگایەکی چاپ بووە. سۆڤیەتییەکان هەروەها بەڵێنی چەکی تیربار و تۆپ و پارەش بە کوردەکان دەدەن، بەڵام هیچ کاتێک جێبەجێی ناکەن.[25] کاتێك بەهۆی پووچ دەرچوونی وادەی پشتیوانیی دەرەکی پێشەوا بۆ وتوویژ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی دەچێتەوە تاران، لەوێ لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێک کە لێی دەپرسێ گۆیا خەڵکتان ناردووە بۆ باکۆ و کەرەستەی چاپ و چەکوچۆڵتان لەوێڕا هێناوە و حیزبی کۆمۆنیستتان لە

---

[24] گومان هەیە کە بڕی ئەو چەکوچۆڵە ئەوەندەش بووبێ.

[25] کورتە مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، چاپی بەسەریەکەوەی "چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی" (د. عبدالرحمن قاسملو) و "نیو سەدە تێکۆشان" (عبدالله حسن زادە)، چاپی حیزبی دێموکڕات، ژووئەنی ٢٠٠٢، لاپەڕەکانی ٥٥ و دواتر.

کوردستان دامەزراندووە، پێشەوا دەڵێ ئەو شتانە ڕاست نین جگە لە کاغەز و دەزگای چاپ کە ئەویشمان لە تەورێز کڕیوە.[26] هەڵبەت لەباری سیاسییەوە، لە سەفەری دووەمیدا بۆ باکۆ پێشەوا باسی دیاریکردنی چارەنووسی سەرلەنوێ هێنابۆوە گۆڕێ و بە باقرۆفی گوتبوو "نەتەوەیەکی لاواز نەک تەنیا داوخوازانە هەر دەستێکی یارمەتی کە بۆ لای درێژ بکرێ دەگوشێ، بەڵکوو ئەو دەستە ماچیش دەکا".[27] بەڵام باقرۆف ئەو وەختە وێڕای ئەوەی دڵنیایی بە پێشەوا دەدا کە هەتا کاتێک سۆڤیەت هەبێ، دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانیش هەر لە بەرنامەدا دەمێنێ، پێی وایە کە جارێ قەوارەی کوردی تەنیا دەبێ بەشێکی خودموختار لەنێو ئازەربایجانی خودموختاری ئێراندا بێ.[28]

بە بەراورد لەگەڵ ئەو تێکەڵی و بەستراوەییە لەگەڵ سۆڤیەت کە لە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دیتراوە، سۆڤیەتییەکان لە کۆماری کوردستاندا زۆر کەم دیار بوون. سەرەڕای هۆگریی ڕاگەیاندراو و دووپاتەکراوی کوردەکان بۆ سۆڤیەت، پێوەندیی کوردەکان لەگەڵ سۆڤیەت 'موحتەڕەمانە' و فەرمی بوو و هیچ چەشنە تێکەڵی و بەستراوەییەکی پێوە دیار نەبوو.[29] دیارە سەرباری حاشاکردنی کوردەکان خۆیان، شووڕەوی تا ڕووخانی کۆماریش نوێنەرێکی دائیمیی لە مەهاباد هەبوو.[30] حزوور و پێوەندیی مەیلەو دیپلۆماسیی سۆڤیەتیش لەگەڵ پێشەوا و کۆمار زۆرتر بۆ زانیاری وەرگرتن و چاوەدێریی دۆخەکە بوو نەک بۆ هاوکاری و خاترجەمکردنی کوردەکان لە پشتیوانیی بەکردەوەی سۆڤیەت، بەچەشنێک کە کاتێك هاشمۆف کۆنسولی سۆڤیەت لە ورمێ ڕۆژی ٢٠ی ژووئەنی ١٩٤٦ لە گوندی سەرا سەردانی پێشەوا

---

[26] ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (١)، ١١ی ژانویەی ١٩٤٦، ل ٤.

[27] EAGLETON, William, Jr., *La République Kurde*, Editions Complexe, Paris 1991, p. 11.

[28] *Ibid.*

[29] EAGLETON, *op. cit.*, p. 170.

[30] JWAIDEH, Wadieh, *The Kurdish National Movement, Its Origins and Development*, Syracuse University Press, 2006, p. 264.

دەکا بۆ ئەوەیەتی کە داوای لێ بکا کوردەکان لە بەرامبەر پەلاماری ئەرتەشی ئێراندا دەست نەکەنەوە.[31]

لە ساڵەکانی نێوان رووخانی کۆماری کوردستان و ئینقلابی ئێران‌دا کە قۆناغی یەکەمی کەوتنە هەندەرانی رێبەرانی حیزبی دێموکڕات بۆ باشووری کوردستان و ئورووپای رۆژهەڵاتە، بەهۆی سەرکوتی ساواک لە نێوخۆی ئێران و مەوقعیەتی لەرزۆکی رێبەرانی حیزبی دێموکڕات لە بەغدا و باشووری کوردستان، ئەوەی پێش هەموو شتێک بۆ رێبەرانی حیزبی دێموکڕات گرینگ بووە خستنەوە سەرپێی هەیکەلێکی هەرچەند سنووردار لە تەشکیلاتی لاواز و پەرش و بڵاوی ئەودەمی حیزب و خۆئامادەکردن بۆ هەلومەرجی گونجاوتری خەبات و تێکۆشان بووە. بەڵام لەپاش کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (سێپتامبری ١٩٧١) و هەڵبژێرانی دوکتور قاسملوو بە سکرتێری گشتیی حیزب، بواری پێوەندیی دەرەکیی حیزبیش وەک زۆربەی بوارەکانی دیکە بەرەو خەملان و پەرە گرتن دەچێ.

بەهۆی ئەو زەمینەیە کە دوکتور قاسملوو بۆ خوێندن و کاری ئەکادیمی لە شەستەکانی زایینیدا لە ئورووپا بەتایبەتی چێکۆسلۆڤاکی بووی و هەروەها فەزای ئیدئۆلۆژیی ئەودەم زاڵ بەسەر ناوچەی ئێمەدا و پێوەندیی گەرموگوڕی ئەمریکا لەگەڵ رێژیمی شا، حیزبی دێموکڕات لەو قۆناغەدا بەستێنی دامەزراندانی پێوەندی تەنیا لە بلۆکی رۆژهەڵاتدا دەبینێ. بۆ ئەوەش، لە رێگای سەفارەتی شووڕەوی و وڵاتانی دیکەی سەر بەم کەمپە لە بەغدا پێوەندی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی هەر کام لەو وڵاتانە دادەمەزرێنێ. ئەمەش بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات (تەنانەت پاش دەرچوونی ئەو حیزبە لە جەغزی حیزبی توودە)، دەرەتانی برێک هاموشۆ و هاوکاری و کارتێکەریی سیاسی لەگەڵ هێندێک لە وڵاتانی ئورووپای رۆژهەڵاتی لێ دەکەوێتەوە. ئۆرگانی رەسمیی حیزبی دێموکڕاتیش لەو قۆناغەدا هێما و ئاماژەکانی هۆگری و

[31] کورتە مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ل ٨٦.

سەمپاتییەکی سەنگین و هەڵسەنگێندراو (نەک بە خەستیی سەردەمی کۆمار) بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی تێدایە.[32]

پاش ئینقلابی ئێران و هێرشی ڕێژیمی نوێی تاران بۆ سەر کوردستان و خۆڕاگریی چەکدارانەی کوردەکان، زوومی زۆر لە مێدیاکانی جیهان لە کوردستانی ئێران دەچەقێ و بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی بەشێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی (بەتایبەتی فەڕانسە) شەڕی کوردستان وەک پاڕامێترێکی ئەگەر و ئەممای سەقامگیر بوونی ئەو ڕێژیمە مەرمووز و دژەباوە چاو لێ دەکەن.[33] کەچی سۆڤیەتییەکان، دڵخۆش لە دارمانی قەڵای خەنیمەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەڵوێستێکی ئەوتۆ لەپێوەندی لەگەڵ کورددا لە خۆیان نیشان نادەن و کەمترین رووماڵی دۆخی کوردستان لەو کاتە هەستیار و قەیراناوییەدا دەکەن؛ ڕۆژنامەی "پراڤدا" بەدەگمەن هەواڵێک لەبارەی خۆڕاگریی کوردەکان لە بەرامبەر ڕێژیمی خومەینیدا بڵاو بکاتەوە.[34]

سەرەڕای ئەوەی هەر لە هەوەڵەوە دیارە کە عەرزی سیاسەتی شووڕەوی ئەمجارەش هیچی بۆ کوردان لێ شین نابێ، کەچی بەهۆی پاشخانی فیکری و سیاسیی پێشووتری حیزبی دێموکڕات و فەزای ئیدئۆلۆژیکی خەستی پاش ئینقلاب کە وای کردبوو بۆ حیزبی دێموکڕاتیش "ئانتی ئیمپریالیزم"ی گوتاری، پرسیاری یەکەمی تاقیکاریی "پاتریۆتیسم"ی[35] ناچاری بێ، شووڕەوی و چەمکە تاپۆکردووەکانی لە دەزگای گوتاریی حیزبی دێموکڕاتدا هێشتا زۆر مەوجوودن. بەڵام ئەو سەرنجە کە لەساڵەکانی شەستی هەتاویدا لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە

---

[32] بڕوانە وتاری "کۆنگرەی هێزەکانی لایەنگری ئاشتی لە مۆسکۆ"، ژمارە (١٠)ی دەوری دووەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"، سێپتامبری ١٩٧٣.

[33] ڕۆژنامەوانانی وەك ئێریک روولۆ و کریستیان مۆر و زۆری دیکە لەو سەردەمەدا دەیان هەواڵ و ریپۆرتاژ لە ڕۆژنامەکانی فەڕانسە بەتایبەتی "لومۆند"دا بڵاو دەکەنەوە. تەنانەت میشێل فووکۆش لە ریپۆرتاژەکانی خۆیدا بۆ ڕۆژنامە ئیتالیاییەکان ئیشارە بە فاکتەری کوردستان دەکا.

[34] KUTCHERA, Chris, *Le défi kurde ou le rêve fou de l'indépendance*, Bayard, Paris 1997, p. 181.

[35] وەتەنپەرەستی.

به سۆڤیەت دەدرێ (بەتایبەتی پاش بەئەنجام گەیشتنی ڕەوتی ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی مەوجوود لە حیزبدا) ئەوەندەی ئامرازێک بۆ هۆویەتسازیی ئەو حیزبە لەسەر نەخشەی ململانێ فیکرییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و کوردستان بوو (لە سەردەمێکدا بەتایبەتی کە لە نێوان ناخۆشیی حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵەدا، کۆمەڵە بە زۆری دەیویست شەڕەکە بەرێتە مەیدانی فیکری و بەرگی ئیدئۆلۆژیک لەبەر ئەو ناکۆکییە بکا)، ئەوەندە بۆ دروستکردنی دینامیزمی کارتێکەریی سیاسی و کرانەوەی دەرگای شووڕەوی نەبوو. بەپێچەوانەوە وەك دواتر دەبینین،[36] ئاکامی کاری لابۆراتواری فیکریی حیزبی دێموکڕات لەو بوارەدا کرانەوەی پەنجەرەی سۆسیال دێموکڕاسی و ئۆرۆکۆمۆنیزم بەڕووی حیزبی دێموکڕاتدا بوو.

لە سەردەمێکدا کە پێڕەویی کوێرکوێرانەی فیکری و سیاسی لە مۆسکۆ خیسڵەتێکی بەرچاوی هێزە چەپەکانی ئێران بوو، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی شەشەمی خۆیدا بە پەسندکردنی نامیلکەی "کورتەباس" و دانانی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک وەک ئامانجی دوارۆژی خۆی، سنووربەندییەکی کردبوو کە بۆ ئەو کاتە نەک تەنیا لە ئاستی کوردستان و ئێران و ناوچە جۆرێك سەرکێشی بوو، بەڵکوو لە نێوخۆی حیزبیشدا بوومەلەرزەیەکی تەشکیلاتیی بەدووی خۆیدا هێنا. یەکلاکەرەوەی گرەوی ئەو سەرکێشییەش بۆ حیزبی دێموکڕات و دوکتور قاسملوو هەڵبژێرانی میخائیل گۆرباچۆف بە سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی شووڕەوی بوو. لەبەر ئەوەی ناوبراو لێبڕابوو ئاقارێك بگرێتە بەر کە حیزبی دێموکڕات لەژێر کاریگەریی دوکتور قاسملوودا بۆ ریفۆرم لە جێبەجێکردنی سۆسیالیزمی زانستیدا لایەنگریی لێ دەکرد، لەمەولا ئەم حیزبە و ڕێبەرەکەی ئومێد و هۆگریی خۆیان لەحاند گۆرباچۆف و "سۆڤیەتی تازە"دا ناشارنەوە. دوکتور قاسملوو لە پەیامی پیرۆزبایی خۆیدا بۆ گۆرباچۆف بە هیوا و چاوەڕوانییەوە دەدوێ،[37] دەقی "گلاسنۆست" و "پرێسترۆیکا" لە حیزبی دێموکڕاتدا بڵاو دەکرێنەوە و پێشوازی لە ئاڵوگۆڕەکانی نێو یەکێتیی سۆڤیەت لە زۆر

---

[36] بڕوانە خوارەوە، ۲.۲.

[37] پەیامی پیرۆزبایی دوکتور قاسملوو بۆ گۆرباچێف، ۱۲ی مارسی ۱۹۸۵.

لە وتار و بابەتەکانی رۆژنامەی کوردستاندا دەبینرێ.[38] هاوکات، چەپی ئۆرتۆدۆکسی ئێرانی سەبارەت بەو نامورتاحیەی پاش ئەو ئاڵوگۆڕانە تێی کەوتووە و بەهۆی دۆگماتیک بوونی ئازایەتیی بەخۆداچوونەوەی نیە، لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە لۆمە دەکرێ.[39] ئەوەش شتێك نیە جگە لە نیشاندانی هەیمەنەی فیکریی رێبەرانی کورد لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنێکی مودەعی و مەکتەبی کە روانینی بۆ مافەکانی گەلی کورد زۆر لە هی خودی رێژیم باشتر نیە. بەڵام کۆی ئانالیزی حیزبی دێموکڕات لە ئاڵوگۆڕەکانی نێو شووڕەوی ئەوەندەی سیاسییە، ئەوەندە ئیدئۆلۆژی نیە و راپۆرتی کۆنگرەکانی ٨ و ٩ی حیزبی دێموکڕات لەو پێوەندییەدا کەمترین باسی ئیدئۆلۆژییان تێدایە و زۆرتر پێداگری لەسەر دروست دەرچوونی شرۆڤە و هەڵوێستی سەربەخۆی حیزب و ئاکام و شوێنەوارەکانی رەوتی رووو بە گۆڕان و لەبەریەکهەڵوەشانی بلۆکی رۆژهەڵات لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا دەکەن.

لەباری سیاسییەوە، وەك گوترا هەمووی ئەمانە بۆ حیزبی دێموکڕات تەنیا بۆ دینامیزمی نێوخۆی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دواتر رەنگە بۆ لەدەرگادانی سۆسیالیستەکانی ئورووپا و کردنەوەی رۆژنەیەک بەسەر خەباتی حیزب لە رۆژئاوا کەلکیان هەبوو. دەنا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر پێوەندیی سیاسیی حیزبی دێموکڕات و یەکیێتیی سۆڤیەت، وڵامدەریی شووڕەوی بە هیچ جۆر لە ئاستی ئەو هەموو سەرنج و بەدواداچوونە نەبوو کە حیزبی دێموکڕات لەو ساڵانەدا خستبوویە سەر ئەو جەمسەرە جیهانییە. تەنانەت مۆسکۆ هیچ کات حازر نەبوو بۆ دیدار و سەردانی سیاسی، ویزا بە رێبەرانی حیزب بدا. تەنیا دیدار و چاوپێکەوتنی راستەوخۆ لە شووڕەوی کۆبوونەوەیەک بوو کە مانگی خەرمانانی ١٣٦٤ لە مۆسکۆ لەنێوان هەیئەتی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات[40] و هەیئەتێکی حیزبی

---

[38] رۆژنامەی کوردستان، ژمارە (١١٣)، خاکەلێوەی ١٣٦٥، کە لەودا گۆڕانی کادری رێبەری لە کۆنگرەی ٢٧ی حیزبی کۆمۆنیستی شووڕەوی بە ئاڵوگۆڕێکی هیوابەخش لێک دراوەتەوە.

[39] بڕوانە "قەیران لە رێکخراوە چەپەکاندا"، سەروتاری رۆژنامەی کوردستان، ژمارە (١٤٨)، خاکەلێوەی ١٣٦٨. بە هەموو نیشانەکان را دوکتور قاسملوو نووسیویەتی.

[40] پێکهاتوو لە عەبدوڵڵای حەسەن زادە و فەتاح کاویان.

کۆمۆنیستی شووره‌وی له ڕێگای چوونی هه‌یئه‌تی حیزب بۆ ئه‌فغانستان بۆ دانیشتن له‌گه‌ڵ حیزبی کۆمۆنیستی حاکم له‌و وڵاته‌دا، ئه‌نجام درا. ئه‌و کۆبوونه‌وانه له‌گه‌ڵ ئه‌وه که به‌سوود و پڕ نێوه‌رۆک بوون، به‌ڵام هیچ شتێکی کۆنکرێتیان لێ ناکه‌وێته‌وه.[41]

له دوایین ساڵ و مانگه‌کانی یه‌کێتیی سۆڤیه‌تیشدا هه‌م دوکتور قاسملوو و هه‌م جێنشینه‌که‌ی، دوکتور شه‌ره‌فکه‌ندی، به‌ره‌سمی نامه بۆ ئێدوارد شوارد نادزه‌ی وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی سۆڤیه‌ت ده‌نێرن هه‌تا له‌و رۆڵه‌دا که شووره‌وی ده‌یویست له هاوکێشه‌کانی پاش ته‌واوبوونی شه‌ڕی ئێران و عیراق‌دا بیگێڕێ، ئاوڕێک له پرسی کوردیش بدرێته‌وه،[42] به‌ڵام ئه‌م نامانه هه‌رگیز وڵام نه‌درانه‌وه.

دوایین وێستگه‌ی به‌سه‌رهاتی ناهاوسان و ناهاوشانی حیزبی دێموکڕات له‌گه‌ڵ شووره‌وی کاتی گیانه‌ڵڵای سۆڤیه‌ت بوو. له کۆتاییه‌کانی ژوئیه‌ی ١٩٩٠ به ده‌سپێشخه‌ریی ئه‌نستیتۆی مێژوو سه‌ر به کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی ئه‌حزابی کۆمۆنیستی کۆماره کوردنشینه‌کانی سۆڤیه‌ت (ئازه‌ربایجان، ئه‌رمه‌نستان، قه‌زاقستان، ...) کۆنفرانسێک به‌ناوی "کۆنفڕانسی نێوخۆیی کورده‌کانی شووره‌وی" له مۆسکۆ به‌ڕێوه ده‌چێ که حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران به‌ره‌سمی تێیدا به‌شدار ده‌بێ و سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور سادق شه‌ره‌فکه‌ندی، له یه‌که‌م رۆژی کۆنفرانسه‌که‌دا وتار پێشکه‌ش ده‌کا. له‌گه‌ڵ ئه‌وه که کۆنفرانسه‌که له‌ژێر سه‌رپه‌رستیی ئه‌ندامێکی ده‌سته‌ی سه‌رۆکایه‌تیی کۆماره‌کانی شووره‌وی به‌ڕێوه ده‌چێ، سروشتی کاره‌کانی ئه‌م کۆنفڕانسه زۆرتر ئه‌کادیمی ده‌بێ و له‌هه‌رحاڵدا ئیدی یه‌کێتیی سۆڤیه‌ت له دۆخێکدا نیه که که‌س هیوای له‌سه‌ر هه‌ڵبچنێ.

---

41 گفتگۆ له‌گه‌ڵ عه‌بدوڵڵا حه‌سه‌ن زاده.

42 رۆژنامه‌ی کوردستان، ژماره (١٤٧)، ره‌شه‌مه‌ی ١٣٦٧.

## ٢.٢/ چەپی ڕۆژئاوایی

ئەگەر پێش ئینقلابی ئێران حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆژئاواییەکان نەبوو، لەپاش ئینقلاب دوکتور قاسملوو بەکەڵك وەرگرتن لەو تۆڕە فەرهەنگی و ئینساندۆستییەی لە کۆتایی حەفتاکانی زایینیدا لە فەڕانسە دروستی کردبوو،[43] هەروەها بەپشتبەستن بەو زەرفیەتەی هاتنەسەر دەسەڵاتی چەپ لە فەڕانسە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا بۆ تەعامول لەگەڵ واقعیاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شۆڕشی ئێران پێکی هێنابوو، فەڕانسە دەکاتە سەکۆیەک بۆ نزیکبوونەوە لە پارتە سۆسیالیست و سۆسیال دێموکڕات و کۆمۆنیستەکانی ئورووپای ڕۆژئاوا و دەروازەیەکی کەموێنەی دەستڕاگەیشتن بە دنیا. پرۆسەی پەسندکردنی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک و ئیعتبارێکیش کە حیزبی دێموکڕات بەهۆی پابەندیی بە پرەنسیپە ئینسانی و دێموکراتییەکانەوە[44] لەلای ئورووپاییەکان وەدەستی هێنابوو، کارەکە ئاسانتر دەکا.

کاتێک فرانسوا میتران ڕۆژی ٢١ی مای ١٩٨١ بە سەرۆک کۆماری فەڕانسە هەڵبژێردرا، دوکتور قاسملوو لە پەیامی پیرۆزبایی خۆیدا بۆ ناوبراو نووسیبووی "لە پشتیوانیی ئێوە لە خەباتی خۆمان دڵنیاین".[45] ئەرخەیانیی دوکتور قاسملوو لەو کاتەدا لەخۆڕا نیە، چونکە کەمێک دواتر دەوڵەتی فەڕانسە عەمەلەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەڕەسمی دەناسێ. بەڕێوەبەری کابینەی کلۆد شێسۆن وەزیری دەرەوەی حکومەتی پیەر مۆروا لە نامەیەکدا بە ڕێکەوتی ٢٥ی نۆڤامبری ١٩٨١ بۆ سکرتێری حدکا، ئاگاداری دەکاتەوە کە ئێستا کە یاسای ئەنجومەنە بێگانەکان لە فەڕانسە هەڵوەشاوەتەوە، هیچ بەربەستێکی قانوونی نیە بۆ ئەوەی حدکا دەفتەرێکی نوێنەرایەتی لە پاریس بکاتەوە. بە باوەڕی ناوبراو ئەگەرچی پراکتیکی دیپلۆماسیی

[43] دوایین برگەی ژیانی ئاکادیمیی دوکتور قاسملوو مامۆستایەتی لە ئەنستیتۆی زمان و شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکانی پاریس (ئینالکۆ) بوو.

[44] بڕوانە خوارەوە، بەشی ٥.

[45] پەیامی پیرۆزبایی دوکتور قاسملوو بۆ فرانسوا میتران، ١ی مای ١٩٨١.

فەڕانسە بەڕەسمی ناسینی تێدا نیە، بەڵام کردنەوەی دەفتەرێک لە پاریس دەرفەت بە دەوڵەتی فەڕانسە دەدا کە هەمان ئەو تەعامولە لەگەڵ نوێنەرایەتیی حدکا بکا کە لەگەڵ ئۆفیسی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستینی دەکا، واتە "کێ دۆرسێ" (وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسە) بە ڕێکوپێکی لەگەڵی لەپێوەندیدا بێ و پارێزگاریی دائیمیی پۆلیسی بۆ دابین بکا. لە کردەوەدا هەر واش دەبێ. تا ماوەیەکی زۆر حیزبی دێموکڕات نەک تەنیا ڕێکخراوی سیاسیی ئێران دەبێ کە بۆ هەموو کۆنگرە و بۆنە گرینگەکانی پارتی سۆسیالیست دەعوەت دەکرێ،[46] بەڵکوو دوکتور قاسملوو و نوێنەرانی حیزب لە پاریس لەلایەن فەڕانسەوە وەک "موخاتبی ئەرجەح" مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ.[47] لەو ساڵانەدا دەوڵەتی فەڕانسە لە هێندێ مەوریددا -بەتایبەتی بواری دەرمانی-یارمەتیی کۆنکرێت بە حیزبی دێموکڕات دەکا. لەولاشەوە، حیزبی دێموکڕات لە هێندێک حاڵەتدا، بۆ نموونە ئازادکردنی بارمتە فەڕانسەوییەکان لە کوردستانی عێراق، کلاس و دەستڕۆیشتوویی خۆی بە دەوڵەتی فەڕانسە نیشان دەدا.[48]

سەکۆیەک بۆ پێوەندییەکان کە لەو هەلومەرجەدا سۆسیالیستەکانی فەڕانسە بۆ حیزبی دێموکڕاتی دروست دەکەن، دەرفەتی ئەوە بەو حیزبە دەدا کە لەگەڵ ئەحزابی چەپ و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و ئینسانی و مێدیاییەکان لە وڵاتانی دیکەی ئورووپای ڕۆژئاواش (ئاڵمان، سوئێد، ئینگلستان، ئیسپانیا،[49] بێلژیک، ئیتالیا، سویس، ... هتد) پێوەندی دابمەزرێنێ. لەمەودوا هەموو کۆنگرە و بۆنە گرینگەکانی حیزب[50] بەدەیان پەیامی حیزب و

---

[46] وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ دوکتور قاسملوو، ژمارە (١٢٩) ، گەلاوێژی ١٣٦٦.

[47] KUTCHERA, *op. cit.*, pp. 202 et 203.

[48] ساڵی ١٩٨٢ لە دوو مەوریددا دوو هێزی کوردی باشوور موهەندیسە فەڕانسەوییەکانیان لە عێراق بە بارمتە گرت. حیزبی دێموکڕات لە هەردوو حاڵەتدا نرخی ئازادکردنی ئەو بارمتانەی (کە مەبلەغی گەورە و چەکوچۆڵی زۆر بوو) دایە ئەو دوو هێزە کوردییە بەبێ ئەوەی لە دەوڵەتی فەڕانسەیان وەربگرێتەوە.

[49] دوکتور قاسملوو دامەزرانی پێوەندی لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی ئیسپانیا وەک دەروازەیەک بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئەمریکای لاتین کە دەتوانێ ڕۆژێک بۆ کورد بەسوود بێ، دادەنێ. وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (١٢٩).

[50] جێژنی چل ساڵەی دامەزرانی حیزب و یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات ئەو دوو بۆنەیەن کە زۆرترین پەیامیان لەو حیزبانەوە بۆ هاتووە.

کەسایەتییە چەپەکانی ئورووپای تا ئاستی دەبیر ئەوەڵی حیزب و سەرۆکی پارلمان[51] و سەرۆک وەزیران [ی پێشوو][52]ی پێ دەگا و تاک‌وتەرا نەبێ هەڵناکەوێ پەیامێکی پشتیوانی لە حیزبێکی دەستەڕاستی و ناوەڕاست بە حیزبی دێموکڕات بگا.[53] جگە لەو دیدار و چاوپێکەوتنانە کە رێبەران و نوێنەرانی حیزب لە وڵاتانی ئورووپایی بە رێکوپێکی لەگەڵ ئەو حیزبانە و پارلمانتێر و بەرپرسانی حکومەتی لەو وڵاتانەیان دەبێ، جاروبار حیزب و لایەن و بنیاتە چەپە ئورووپاییەکانیش بۆ سەردانی حیزبی دێموکڕات هەیئەت دەنێرنە کوردستان.[54]

## ۲.۳/ حیزبی دێموکڕات و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ئەگەر بمانەوێ باسی حیزبی دێموکڕات و ئەمریکا بکەین، دەبێ پێشدا باس لە کاریگەریی ئەو تێگەیشتنە موجەڕەدە بکەین کە لە 'جیهانی سێهەم'دا لەبارەی رۆڵ و بەرپرسیارێتیی ئەمریکادا باو بووە.

## ۲.۳.۱/ بارگرانیی گوتاری دژە ئیمپریالیستی

بە زۆر هۆکار کە هێندێکیان هیچ پێوەندییان بە گەلی کوردەوە نیە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشی هەرە زۆری ژیانی، خۆی لە خانەی خەبات بەدژی ئیمپریالیزمدا پێناسە

---

51 بۆ نموونە پەیامی سەرۆکی پارلمانی ئوتریش بۆ کۆنگرەی دوازدەی حیزب.

52 بۆ نموونە سەرۆکوەزیرانی پێشووی فەڕانسە و سوئێد.

53 بۆ نموونە حیزبی دێموکڕات مەسیحیی ئاڵمان (CDU).

54 بۆ نموونە هاتنی هەیئەتی پارلمانیی حیزبی سەوزەکانی ئاڵمان لە مانگی گەلاوێژی ١٣٦٤دا لەسەر دەعوەتی حیزب بۆ کوردستان و سەردانی مادام میتران و بێرنارد کوشنێر (وەزیری ئەوکاتی کاروباری ئینسانیی فەڕانسە) لە هاوینی ١٩٩١ و سەردانی پارلمانتێر و سەناتۆرانی فەڕانسەیی و بێلژیکی لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتای زایینی بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆیە.

کردووە. بەلەبەرچاوگرتنی نەخشی ئینگلستان لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و رۆڵی ئەو وڵاتە لە ئێرانیشدا، ئەو گوتارە لە کاتی دامەزرانی حیزب و سەردەمی کۆماردا لە قالبی دژە ئیستعماریدا خۆی دەنواند و زۆرتر ڕووی لە "بریتانیای کەبیر"بوو. بۆ نموونە رۆژنامەی کوردستان لە وڵامی وتارێکی رادیۆی لەندەن‌دا کە دامەزرانی کۆمار و پشتیوانیی بارزانییەکانی بە پیلانی بێگانە ناوبردبوو، وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەت و بوختانانە دەنووسێ "لە ئیستعمار هەر قسەی وا چاوەڕوان دەکرێ".[55]

لەدوای رووخانی کۆمار و دەستپێکردنی شەڕی ساردەوە گوتاری دژە ئیستعماریی حیزبی دێموکڕات جێگای خۆی دەدەدا بە ڕێتۆریکی دژە ئیمپریالیستی. لە ساڵەکانی نێوان هەستانەوەی حیزبی دێموکڕات (کۆنفڕانس و کۆنگرەی سێهەم) و ئینقلابی ئێران‌دا، لەقاودانی سیاسەتەکانی ئیمپریالیزم تەوەرێکی زاڵی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکڕات بوو. بەمجۆرە کۆنگرەی سێهەمی حیزب بە زێهنیەتی دژەئیمپریالیستی و دژە ئیستعماری پەیامی "هاودەردی"[56] نەک تەنیا بۆ خەباتکارانی زەفار، بەڵکوو بۆ گەلی کامبۆج و شیلی و ئیرلەندیش دەنێرێ. کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکڕات کە یەکەمین کۆنگرەی ئاشکرای حیزب لەسەر خاکی خۆیەتی چڵەپۆپەی گوتاری دژەئیمپریالیستیی ئەو حیزبەیە. لەحاڵێکدا کە ئەو حیزبە زیاتر لە هەر کاتێکی مێژووی خۆی دەبێ خۆی بۆ تاقیکاریی قورسی سیاسی و مەیدانی حازر بکا، خراپەی ئیمپریالیزم لە سەرلەبەری راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەو کۆنگرەیە دەچۆڕێ. ئەوەش تەنیا بۆ پشتیوانیی ئەمریکا لە ڕێژیمی شا ناگەڕێتەوە (چونکە پاش کۆنفرانسی گوادلووپ روون ببۆوە کە دنیای سەرمایەداری دەستی لەو ڕێژیمە بەرداوە)، بەڵکوو زۆرتر بۆ ئەو فەزا خەستە ئیدئۆلۆژییە دەگەڕێتەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە نەبوونی هەرچەشنە هاوبەشییەکی دیکەی سیاسی‌دا وەك ئامرازێک بۆ قەبووڵکران (جامعەپذیری)ی سیاسی بەسەر خۆیدا

55 "کورد و رادیۆ لەندەن"، رۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٣٦)، ٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥.

56 لەو سەردەمەدا لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبدا ئەم وشەیە بەمانای هاوپێوەندی بەکار هاتووە.

سەپاندبوو و ئایەتوڵلاکانیش قازانجی خۆیان لێ دەچنیەوە، چونکە هەروەک پێشتر گوتمان لەو سەردەمەدا بڕوانامەی "پاتریۆتیسم" بە نمرەی "ئانتی-ئیمپریالیزم" وەردەگیرا!

تەنانەت ئەگەر شتەکان لە کۆنتێکستی خۆشیاندا چاو لێ بکەین، نەوەی ئەمڕۆ بەزەحمەت سیاسەتی ئەوکاتی حیزبی دێموکڕاتی بۆ هەزم دەبێ و جێی خۆیەتی لێرەدا هەڵوەستەیەکی رەخنەگرانەی لەسەر بکەین. ئەگەر لەلایەک بەرپرسایەتیی دەوڵەتانی ئیستعماری لە دابەشکردنی دووەمی کوردستان و پشتیوانیی ئەمریکا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە دەوڵەتانی دیکتاتۆڕ لە زۆر شوێنی دنیا بەتایبەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و یەک لەوان ئێران حاشای لێ ناکرێ، گوتاری دژە ئیمپریالیستیی حیزب زۆرتر بەرهەمی ملدان بۆ فەزایەکی ئیدئۆلۆژی بوو کە لەو سەردەمەدا بەسەر ناوچەی ئێمە و ئێراندا زاڵ بوو، دەنا ئەو گوتارە نە لەڕووی سیاسی و نە لەڕووی ئیدئۆلۆژییەوە پاساو هەڵناگرێ. چونکە ئەگەر وای دابنێین کە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکڕات مەسەلەی نەتەوایەتییە، ئەوا هەر لێنینیزم نیە کە ئاوڕی لە مەسەلەی نەتەوایەتی داوەتەوە. بەپێچەوانەوە، تەنیا بەڵێنی نێونەتەوەیی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی پشتبەستوو بە چاردە خاڵەکەی ویلسۆن سەرۆک کۆماری ئەمریکا بوو. لەولاشەوە، ئەگەر راستە کە ئەمریکا و ئینگلیس لەو سەردەمەدا پشتیوانی دەوڵەتانی سەرکوتکەری کورد بوون، شووروەویش کارنامەیەکی زۆر درەوشاوەی لەو بوارەدا نەبوو و قەت گوڵێکی زۆر ئاڵی لە سەری میللەتی کورد نەدابوو. خۆ ئەگەر لەڕوانگەی ئیدئۆلۆژی و خەباتی چینایەتییشەوە بۆ مەسەلەکە بڕوانین و قبووڵمان بێ کە ئیدەئالی یەکسانیی حیزبی دێموکڕات خۆی لە مۆدێلی سۆسیالیستیدا دەدیتەوە، دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە زیاتر لە دەهەیەکیش پێش کۆتایی هاتنی شەڕی سارد حیزبی دێموکڕات نەقدی سۆسیالیزمی مەوجوودی (کە هەروەک گوترا ئەوەندەی سیاسی بوو ئەوەندە ئیدئۆلۆژی نەبوو) کردبوو بە براندێکی سیاسی بۆخۆی. کەچی هەتا کەمێک پێش رووخانی دیواری بێرلین حیزبی دێموکڕات پێداگریی لەسەر زەروورەتی پێکهێنانی بەرەیەکی دژە ئیمپریالیستی لەنێوان رێکخراوە

پێشکەوتنخوازەکانی ئێران دەکرد.[57] مەعلوومیش نەبوو کە ئەگەر قەرار بێ لەبواری یەکسانیی چینایەتیدا لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود فاسیلە دابنرێ و بۆ ئازادی و دێموکڕاسیش پێوەرە لیبرالییەکان تەرجیح بدرێن، بۆچی دەبێ وەها بەرەیەک پێشوەختە و بەشێوەی ئابستراکت ئانتی ئیمپریالیست بێ!

## ۲.۳.۲/ لە دژایەتییەوە بۆ چاوەڕوانی

بەلەبەرچاوگرتنی وەپێش‌کەوتنەوەی خێرای ئەمریکا لەسایەی پلانی مارشاڵ[58] و باڵادەستیی ئابووری و نیزامیی ئەو وڵاتە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پۆست-شەڕدا، ئەمریکا بوو بەو دەوڵەتەی کە گوتاری دژەئیمپریالیستیی حیزبی دێموکڕات پێش هەموو دەوڵەتێکی دیکە رووی لەو بوو. ئەو هەڵوێستە هێندێک جار بنەمای ئیدئۆلۆژیک و هێندێک جاریش پاساوی سیاسیی هەبوو. بۆ نموونە، لێکدانەوەی حیزبی دێموکڕات لەپێوەندی لەگەڵ شەڕی نیمچەدوورگەی "ئیندۆشین" (هیندوچین) تەواو دژە ئەمریکاییانە بوو و ئەو حیزبە شکستی ئەمریکا لەو ناوچەیەی بە سەرکەوتنی هەموو گەلانی ئازادیخواز لە قەڵەم دەدا.[59] لەولاشەوە، رەخنەی توندی حیزبی دێموکڕات لە دۆکترینی ئازەینهاوەر و نیکسۆن[60] لەبەر ئەوە بوو کە پەیمانێک کە ئەمریکا لەگەڵ ئێرانی بەستبوو لە ڕوانگەی ئەو حیزبەوە بۆ رێگەدان بە دەستێوەردانی نیزامیی ئەمریکا لە ناوچەدا و بۆ پیلانگێڕان لەدژی یەکێتیی سۆڤیەت و گەلانی ئێران و عیراق لێک درابۆوە.[61] گوتاری دژە ئەمریکایی حیزبی دێموکڕات لەڕووی سیاسییەوە

---

[57] بڕیارنامەی کۆنگرەی حەوت.

[58] یارمەتیی ئەمریکا بە بنیاتنانەوەی ئورووپا پاش شەڕی دووەمی جیهانی.

[59] رۆژنامەی کوردستان/ دەوری دووەم، ژمارە (٤)، بانەمەڕی ١٣٥٠.

[60] بریتی بوو لە دەستێوەردانی ناڕاستەوخۆی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، واتە پشتیوانیی سیاسی و نیزامیی ئەمریکا لە هێندێک دەوڵەتی ناوچە بەتایبەتی ئێران لە بەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە کەنداو لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە.

[61] رۆژنامەی کوردستان، ژمارە (١٧)، جۆزەردانی ١٣٥٠.

ئەو کاتە پاساو هەڵدەگرێ کە حیزبی دێموکڕات پێی وایە سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەدا بە قازانجی دیکتاتۆری لە ئێراندا دەشکێتەوە. ئەم لێکدانەوەیەش تەنیا بۆ سەردەمی شا کە ئێران بۆ بوونە "ژاندارمی کەنداو" پاڵی وە "مام سام" دابوو ناگەڕێتەوە،[62] بەڵکوو لە ساڵەکانی شەڕی ئێران و عێراقیشدا لێکدانەوەی ئەو حیزبە زۆر جار ئەوە بوو کە ڕێژیمی خومەینی ئاجێندای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا جێبەجێ دەکا[63] و سیاسەتی شەڕهەڵایسێنانە و بەڕواڵەت دژە ئەمریکاییانەی ئێران لە کەنداو لەڕاستیدا بە هەماهەنگیی خودی ئێران و ئەمریکا بەڕێوە دەچێ.[64]

گوتاری دژە ئەمریکایی لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکڕاتدا هەتا داگیرکردنی پاناما لەلایەن ئەرتەشی ئەو وڵاتەوە لە دێسامبری ١٩٨٩ی خایاند.[65] بەڵام دوورەدیمەنی کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق و ئاڵوگۆڕ لە هەلومەرجی ناوچەدا و پراگماتیسمی سیاسی زۆر پێش ئەو ڕێکەوتە ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی هان دابوو هەتا بیر لە کەمڕەنگ کردنەوەی دژایەتیی تیئۆریک لەگەڵ ئەمریکا و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئیدارەی ئەو وڵاتە بکاتەوە. کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکڕات لەسەر پێشنیاری دوکتور قاسملوو ڕەزامەندیی خۆی دەردەبڕێ کە ئەو حیزبە بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا هەنگاو هەڵێنێتەوە (بەو مەرجە کە وەها پێوەندییەک لە کەناڵی سازمانی 'سیا'وە نەبێ). دواتر دوکتور قاسملوو بەرنامەڕێژیی سەفەر بۆ ئەمریکا دەکا و ئەمریکاش ویزای دەداتێ،[66] بەڵام کەمتر لە حەوتوویەك پێش کاتی سەفەرەکەی بۆ ئەمریکا، لە ڤییەن لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەلایەن نێردراوانی ئەو ڕێژیمەوە تێرۆر دەکرێ. ئەوە تەنیا پاش تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندیشە کە جێگرەوەکانی، مستەفا هیجری و عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بەدووی یەکدا "بەڕەسمی" سەردانی ئەمریکا دەکەن و لە کۆشکی

---

[62] بۆ نموونە بەیاننامەی نۆڤامبری ١٩٧٥ بەدژی ناردنی ئەرتەشی شا بۆ عومان.
[63] ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی حەوت (نوسخەی فارسی)، لاپەڕە ١٥.
[64] ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی هەشت (نوسخەی فارسی)، لاپەڕە ١٨.
[65] بڕوانە وتاری "تازەترین ملهوڕیی ئیمپریالیزم"، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (١٥٧).
[66] KUTCHERA, selon Abdullah Hassan Zadeh, *op. cit.*, p. 221.

سپی لەلایەن راوێژکارانی بیل کلینتۆنەوە پێشوازییان لێ دەکرێ.[67] کۆشکی سپی وڵامی پەیامی پیرۆزبایی هەڵبژێرانی سەرۆک کلینتۆنیشی بۆ هەردووکی ئەم سکرتێرە یەک لەدوای یەکانەی حیزبی دێموکڕات ناردبۆوە.

پاش کاڵبوونەوەی سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکان لە جیهانی فرەجەمسەری تازەدا، هاتنەسەرکاری جۆرج بووشی دووەم و گرتنەبەری سیاسەتی توند بەدژی کۆماری ئیسلامی هەروەها هەڵکشانی بێوێنەی جێگە و پێگەی هەرێمی کوردستان لەسایەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە رووخانی رێژیمی سەدام حوسێن و حزووری ئەمریکا لە عیراق هاتبوونە دی، حیزبی دێموکڕات دێتە سەر ئەو قەناعەتە کە سەنتێزێکی ڕەسمی لە هەڵوێستی مێژوویی خۆی لە بەرامبەر ئەمریکادا دروست بکا. لەو بارەوە حیزبی دێموکڕات رادەگەیەنێ :"لە رابردوودا سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆربەی کات لە خزمەت پاراستنی حکومەتە زۆردار و کۆنەپەرستەکاندا بووە و هەر بەو هۆیەش ئێمە [...] دژایەتیمان لەگەڵ کردوە. بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ گۆڕانێک لە سیاسەتی ئەم دەسەڵاتە گەورەیە بەلای دیفاع لە ئازادی و دێموکڕاسیدا ڕوو بدا، بۆچی دەبێ گەلان و هێزە دێموکڕاتەکان هاوپەیمانێکی ئاوا لە دەست بدەن و لایەنگری و پشتیوانی لە حکومەتە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکان بکەن؟"[68] ئەو سەنتێزە ئیعتبارێکی نوێ بەبەر بنەمای سیاسیی هەڵوێستی مێژوویی حیزبی دێموکڕات لە بەرانبەر ئەمریکادا دەکا، شتێک کە روانینی ئەو حیزبە لە هێندێک رێکخراوی دیکەی سیاسیی ئێرانی و کوردستانی کە هێشتا بە دیدێکی ئیدئۆلۆژیکەوە خۆیان لە بەرەی دژە ئەمریکاییدا دەبیننەوە، جیا دەکاتەوە.[69]

---

[67] KUTCHERA, *op. cit.*, pp. 219 et 221.

[68] راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، وەرگێڕاو لە نوسخەی فارسی، ل ١٩.

[69] پاش هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترامپ، سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) باسی پێویستیی قەرارگرتنی کورد لە بەرەی جیهانیی دژە ترامپی دەکرد (وتاری ئیبراهیم عەلیزادە لە کۆبوونەوەی سەرکردەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵات لە ئەنستیتۆی توێژینەوەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست- مێری لە هەولێر، ٢٣ی فێوریەی ٢٠١٧).

ئەوە بەو مانایە نیە کە حیزبی دێموکڕات کۆتایی بە رەخنەگرتن لە سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هێنابێ. ئەو حیزبە لە ساڵانی دواییشدا هەروەک لە ساڵەکانی شەڕی ئێران و عیراقدا بەردەوام کەین‌وبەینە نهێنییەکانی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی لەقاوداوە. لە پێنج ساڵی رابردوودا کە ئەمریکا بەدووی یەکدا دوو ئاقاری تەواو دژبەیەکی لەبەرانبەر ئێراندا گرتەبەر (رێککەوتنی ناوکی لە سەردەمی سەرۆکایەتیی باراک ئۆبامادا و گەمارۆ و گرژیی راستەوخۆ لەگەڵ ئێران پاش هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترامپ)، لەگەڵ ئەوە کە "حدک" بەیاننامەی لۆزان و رێککەوتنی ڤیەنی لەبەر ئەوە بە موسبەت لەقەڵەم دا کە چیدیکە پرسی ناوکی هەموو پرسەکانی دیکە بەتایبەتی مەسەلەی ئازادی و دێموکڕاسی لە ئێران وەبن خۆی نەدا، بەڵام هەم "حدک" و هەم "حدکا" سەبارەت بە ستراتژیی ناڕوون و نەبوونی ستراتژیی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕاڕایی لەگەڵ ئێران رەخنەیان لە ئەمریکا گرتووە. سەرەڕای ئەوەش کە دیدار و سەردانەکانی نوێنەرانی حیزبی دێموکڕات لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە بەردەوامی هەبووە و کونسولە گشتییەکانی ئەمریکا لە هەولێریش لە ساڵانی دواییدا چەند جار سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کردوە، بەڵام ئاستی وەرگرتنی رێبەرانی حیزبی دێموکڕات لە واشنگتۆن لە سەردەمی کۆمارییەکان کە گوتارێکی توندتریان لەگەڵ ئێران هەیە زۆر لەوە کە بۆ نموونە لە سەردەمی بیل کلینتۆن‌دا دیتراوە لە خوارتر بووە.

هەڵبەت ئیشارەی نیکی هێلی، باڵیوزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی شووڕای ئەمنیەتی ئەو رێکخراوەدا، بە مووشەکبارانی دەفتەری سیاسیی "حدک" لە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ دا لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە وەک هەنگاوێکی پڕبایەخ چاو لێ کراوە و لە ساڵانی دواییشدا پێشوازیی تینک تانکەکانی واشینگتۆن لە سەرکردەکانی رۆژهەڵات لە پەرەگرتندا بووە، بەڵام تا ئێستا روانگە و مامەڵەیەکی کۆنکرێت و هیوابەخشی واشنگتۆن نە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لە پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵات[70]

[70] پاش موشەکبارانی حیزبی دێموکڕات، کۆماری ئیسلامی بۆخۆی دانی بەوەدانا کە ئەو هێرشە پەیامیکێش بووە بۆ ئەمریکا. کەچی ماوەیەک پاش ئەو هێرشە مایک پۆمپیئۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تەنیا لەپێوەندی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە کەنداو، بەتایبەت عەرەبستانی سعودی، ئامادەیی ئەمریکا بۆ دژکردەوە نیشاندان لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئێرانی راگەیاند.

و نە بەگشتی لەپێوەندی لەگەڵ جێگە و پێگەی کوردی ڕۆژهەڵات لە ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە ئایندەی ئێراندا بەدی ناکرێ. لە سەردەمی ئۆبامادا ئەولەویەتی ئیدارەی ئەمریکی سەرکەوتنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ناوکی بوو.[71] بەڕێوەبەرایەتیی دۆناڵد ترامپیش لەحاڵێکدا کە سیاسەتی فشاری لانی زۆر بۆ سەر ئێرانی گرتۆتە بەر و زیاتر لە هەر کاتێک کارتی لێدانی گورزی سەربازی لە ئێران رادەوەشێنێ، هێشتا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لەنێویاندا هێزە کوردییەکان و حیزبی دێموکڕات بە موخاتەب وەرناگرێ.[72] تەنانەت لە سەروبەندی هاتنەدەری ئەمریکا لە بەرجام کۆشکی سپی بڕیاری دابوو کە هیچ ڕاوێژکارێک بۆی نیە لەوێ چاوی بە روخسارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکەوێ.[73]

ئەوە لەحاڵێکدایە کە ئەو سنوورە بۆ دیتنی هێندێک سیمای کۆمەڵگای مەدەنیی نزیک لە بەناو ریفۆرمخوازەکانی ئێران کە ئێستا پەنایان بۆ ئەمریکا بردووە دانەنراوە و هەمیشە ئەوان لەچاو ئەو کەسانەی چل ساڵە بەدژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن زۆر باشتر لەلایەن نیهادە سیاسییەکانی ئەمریکاوە وەرگیراون.[74] هەمووی ئەمەش لەحاڵێکدایە کە ئەوەی

---

[71] وتەی جۆزێف پێنینگتۆن، کۆنسولی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر لە سەردانی بۆ سکرتاریای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆیە (بەهاری ٢٠١٥).

[72] لەوپەڕی نێوان ناخۆشیی ئێران و ئەمریکادا ئیدارەی ترامپ بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتیی ئورووپا ڕێنمایی دابووە دیپلۆماتە ئەمریکایی و ئورووپاییەکان کە خۆیان لە دیداری ئاشکرا لەگەڵ هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی ببوێرن. تازەترین نموونەی ئەم سیاسەتە بانگکرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەندی (side event) کۆنفرانسێکی دژە ئەتۆمی لە نیۆیۆرک بوو کە بڕیار وا بوو سێپتامبری ٢٠١٩ لە پەراوێزی کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوە بچێ. جیا لەوەی ئاشکرابوونی ماهیەت و مێکانیزمی ئەو کۆبوونەوەیە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی لە بەشداری لەو کۆنفرانسەدا پاشگەز کردەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش چەند ڕۆژێک پێش ئەو کۆنفرانسە لەپێناو لەبارنەچوونی هەوڵەکانی فەرانسە بۆ ڕێکخستنی دیدار لەنێوان ترامپ و ڕووحانی لە مقەڕی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسپێکردنەوەی گفتگۆ لەسەر ڕێککەوتنی ناوکی، لە پێدانی ویزا بە ڕێبەرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پاشگەز بۆوە.

[73] سەرچاوەی باڵای ئەمریکایی بۆ نووسەری ئەم دێرانە.

[74] لە ساڵانی دواییدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەردەوام گوتوویەتی هەوڵ دەدەین کار لەگەڵ خەڵکی ئێران بکەین بەڵام کاری ئێمە نیە ئالترناتیڤ بۆ ڕێژیمی ئێران دروست بکەین.

حیزبی دێموکڕات و زۆربەی هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان و ئێران لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا -وەك لەگەڵ ئوروووپاییەکان- بەدوویەوە بوون، ئەوەندەی فشارخستنەسەر ئێران و گۆڕینی ڕەفتاری وان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بووە، ئەوەندە وەرگرتنی یارمەتیی ڕاستەوخۆ لە خەباتیان بەدژی ئەو ڕێژیمەدا نەبووە.

## ٣/ پێوەندیی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە

سروشتی نادێموکراتیک و سەرکوتکەری دەوڵەتانی فەرمانڕەوای کوردستان و دۆخێکی سەختی ژیئۆپۆلیتیک کە بزوتنەوەی کورد لەگەڵی گرفتارە، ئەو بزوتنەوەیە لە هەر پارچەیەکی کوردستانی ناچار کردووە بەمەبەستی دابینکردنی پشتی جەبهە و پەناگا یان دەستڕاگەیشتن بە دنیای دەرەوە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان دابمەزرێنێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کە "بۆ هەموو [هێزە کوردییەکان] ڕەوایە لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا پێوەندی دابمەزرێنن [بەمەرجێك] ئەو پێوەندییە پێوەندییەکی تەندروست [بێ] و لەسەر حیسابی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان تەواو [نەبێ]".[75] حیزبی دێموکڕات هەمیشە بە ئاشکرا گوتویەتی "خەباتی ئێمە تەنیا ڕووی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر و زۆرداری فەرمانڕەوا لە ئێراندایە و بەڕەوای دەزانین لەگەڵ [دەوڵەتانی ناوچە] پێوەندیمان هەبێ و بە قازانجی بەرەوپێشچوونی خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران کەڵکی لێ وەربگرین".[76]

## ٣.١/ دەوڵەتی عیراق

لەگەڵ ئەوە کە تێکۆشەران و سەرکردەکانی حیزبی دێموکڕات هەر لە دوا ساڵەکانی دەهەی پەنجای زایینییەوە پەڕیوەی باشووری کوردستان و بەغدا بوون، ئەوە تەنیا پاش ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەنێوان پارتی دێموکڕاتی کوردستان و حکومەتی عیراقە کە حیزبی دێموکڕات لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پرەنسیپی سەنگین و نووسراو پێوەندی لەگەڵ حیزبی بەعس دادەمەزرێنێ. لەو قۆناغەدا کە هەتا ئینقلابی ئێران دەخایەنێ، حیزبی دێموکڕات

[75] وتووێژی شرق الاوسط لەگەڵ عبدالله حسن زادە، ژوئیەی ٢٠٠٣.
[76] بڕیارنامەی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزب.

ڕێگەی پێ دەدرێ لە بەغدا بنکەی هەبێ کە هاوکات بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزب لەڕووی فیکری و تەشکیلاتییەوە و بۆ کاری ڕاگەیاندن و پێوەندی لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکان و دنیای دەرەوە کەڵکی لێ وەردەگرێ. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خودی دەوڵەتی عیراقیش، حیزبی دێموکڕات هەر لەو سەردەمەوە پێوەندییەکی سیاسیی موحتەڕەمانەی لەگەڵیدا هەیە، جاروبار بە فەرمی پەیام بۆ قیادەی قوتریی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست دەنێرێ[77] و ڕێبەریی حیزب بەتایبەتی شەخسی دوکتور قاسملوو کە ماوەیەک ڕاوێژکاری وەزارەتی پلاندانانی عیراقیش بوو، بۆ هێندێك لەو کۆنفرانسانەی لەبارەی ناسیۆنالیزاسیۆنی نەوت و هاوپێوەندیی گەلانی ئاسیا و ئەفریقادا لە بەغدا دەگیرێن دەعوەت دەکرێ و ڕێگەی وتاردانی پێ دەدرێ. گرینگترین کۆنفرانسی هاوشێوە کە لە کاتی شەڕی ئێران و عیراق دەبەسترێ، "کۆنفرانسی شەڕی کەنداو" لە بەهاری ١٩٨٣ یە کە لەویشدا هەیئەتی حیزب وتار پێشکەش دەکا و لە ڕەوتی کارەکانی کۆنفرانسدا ڕوانگەکانی حیزب بۆ دووڕەدیمەنی کۆتایی هێنان بەو شەڕە سەربەخۆیانە و نەک بەو جۆرەی حیزبی بەعس دەیەوێ دێنێتە گۆڕێ.[78] لەپاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس، نفوز و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر حکومەتی عیراق و کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەڕووی دنیادا وا دەکەن کە حیزبی دێموکڕات لانیکەم بەڕەسمی هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ بەغدا نەمێنێ. هەر بەو پێیەش هاوپێوەندیی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ خەڵک و حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لە گوتاریی ڕەسمیی حیزبدا بە دەستئاوەڵاییەکی زیاتر لە پێشوو خۆی دەردەخا.[79]

---

[77] بەپێچەوانەی قۆناغی پێش ئینقلابی ئێران، لەپاش ئینقلاب لەحاڵێکدا پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکڕات و دەوڵەتی عیراق چڕتریش دەبێتەوە، لەبەر حەساسییەتی کۆمەڵگای سیاسیی ئەودەمی ئێران لە جەریانی شەڕ لەگەڵ عیراقدا، ئەو پێوەندییە لە ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبدا کەمتر ڕەنگدانەوەی هەیە.

[78] نوێنەری حیزب لەو کۆنفرانسەدا عەبدوڵڵای حەسەن زادە بوو.

[79] بەتایبەتی لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان (ژوئیەی ٢٠١٤) و ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان (٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٧).

حاشای لێناکرێ کە دەوڵەتی بەعسی عیراق ئەو دەوڵەتە بووە کە حیزبی دێموکڕات زۆرترین پێوەندیی مێژووی خۆی لەگەڵیدا هەبووە. لەگەڵ ئەوە کە هاوکاریی ماددی و کارئاسانیی لۆژیستیکی بەغدا بۆ حیزبی دێموکڕات هەرگیز شتێکی شاراوە نەبووە، یەکێک لە خاڵە هەرە درەوشاوەکانی کارنامەی حیزبی دێموکڕات ئەوەیە کە ئەو حیزبە هەرگیز حازر نەبووە بەهۆی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق کەمترین زیان (تەنانەت بە هەست بریندارکردنیش)[80] بە بزوتنەوە و خەڵکی باشووری کوردستان و باقیی گەلانی عیراق بگا. لەباری سیاسییەوە، قورسایی حیزبی دێموکڕات لەسەر نەخشەی ئاڵوگۆڕەکانی ئەودەمی ناوچە و کەسایەتیی سەنگین و حیساب بۆکراوی دوکتور قاسملوو (کە سەرەڕای دیداری رێکوپێکی لەگەڵ سەدام حوسێن قەت حازر نەبوو لەگەڵ ناوبراو دەربکەوێ) وایان کردبوو کە حیزبی بەعس چاوەڕوانیی بێجێ و ناڕەوای لە حیزبی دێموکڕات نەبێ و لەگەڵ ئەوە ڕابێ کە حیزبی دێموکڕات ئاجێندای خۆی هەیە و "عەمیل"ی کەس نیە. لەسەر ئاستی نیزامییش، لەحاڵێکدا کە شەڕی ئێران و عیراق لەگەڵ خۆڕاگریی چەکدارانەی کوردی رۆژهەڵات هاوکات و تەنانەت هاوجوغرافیا بوو، حیزبی دێموکڕات نەک هەر حازر نەبوو -وەك رێکخراوی موجاهیدین- هێز و بەرەی شەڕ لەگەڵ سوپای عیراق یەک بخا، بەڵکوو لە پلانە نیزامییەکانیشدا هیچ هەماهەنگییەک لەنێوان سوپای بەعس و هێزی پێشمەرگەی دێموکڕاتدا لەگۆڕێ نەبوو.

## ٣.٢/ دەوڵەتانی دیکەی حاکم بەسەر کوردستاندا

حیزبی دێموکڕات بە کەمی لەگەڵ دەوڵەتانی تری حاکم بەسەر کوردستاندا پێوەندیی هەبووە، بەڵام هەمیشە هاوپێوەندیی خۆی لەگەڵ بزوتنەوەی کورد لەو وڵاتانەدا نیشان داوە و پشتیوانیی لە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لەو وڵاتانەدا (بەتایبەتی لە تورکیە) کردووە.

[80] ئەو ئیدیعایە کە گۆیا پاش بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە دوکتور قاسملوو رێژیمی بەعسی تەبرەئە کردووە، خراپ تێگەیشتن و چەواشەکارییەک زیاتر نیە.

## ۳.۳/ وڵاتانی عەرەبی

مانەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕات لەساڵەکانی پێش شۆڕشی ئێران لە عێراق دەرفەتی ئەوەشیان پێ دەدا کە بەکەڵک‌وەرگرتن لە فەزای سیاسیی ئەودەم کە چەپ و مەسەلەی فەلەستین کاتالیزۆری سەرەکیی بوون، لەگەڵ هێندێك لە گەلانی دیکەی عەرەبییش هاموشۆیان هەبێ. گرینگترینی ئەو گەلانە گەلی فەلەستینە کە هەتا دەهەی نەوەدی زایینی حیزبی دێموکڕات لە گوتار و ڕاگەیاندنی خۆیدا هۆگری و هاوپێوەندییەکی زۆری لە بەرامبەردا نیشان دەدا. لە ساڵەکانی پیش ئینقلابی ئێران حیزبی دێموکڕات لەگەڵ ڕێکخراوە فەلەستینیەکان بەتایبەتی ڕێکخراوی رزگاریدەری فەلەستین پێوەندیی دۆستانە دادەمەزرێنێ و پێوەندییەکی گەرم و پتەو لەنێوان دوکتور قاسملوو و یاسر عەرەفاتدا دروست دەبێ.[81] لەو سەردەمەدا فەلەستینیەکان زۆر باش ڕووماڵی خەباتی حیزبی دێموکڕات و ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران دەکەن و یاسر عەرەفاتیش لە کاتی شۆڕشی ئێراندا بەڵێنی نێوبژیوانی بە قازانجی کورد لەلای خومەینی دەدا،[82] بەڵام لەوە تێناپەڕێ و سەرەڕای هێندێک بەڵێنی یارمەتی و ڕاهێنان نە ئەودەم و نە دواتر هیچ یارمەتییەکی کۆنکرێت لە فەلەستینیەکانەوە بە حیزبی دێموکڕات ناگا. بە زۆر هۆکار، لە ساڵەکانی نەوەدی زایینی بەولاوە ئەو سۆز و سەمپاتییەی حیزبی دێموکڕات کاتی خۆی بۆ قەزیەی فەلەستینی نیشان دەدا کاڵ بۆوە و تەنانەت لە بیروڕای گشتیی کوردی ڕۆژهەڵاتدا پێویستی و ڕەوایی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلیش چیدیکە شتێکی تابوو نیە.

سەبارەت بە گەلانی دیکەی عەرەب، لە ساڵانی پێش ئینقلابی ئێراندا، حیزبی دێموکڕات بۆ ئەوەی ئەوەندە بەستراوە بە بەغدا نەبێ و لە "تەك مەمەڕی" رزگاری بێ، لەگەڵ هێندێك لە حیزبە چەپەکانی لوبنانیش دەبێتە دۆست و تێدەکۆشێ لە بەیرووت کە زۆر جار

[81] دوکتور قاسملوو بە شانازییەوە سەمیمیەتی دوایین دیدار لەگەڵ عەرەفاتی بۆ خۆم کە ئەو کاتە مێرمنداڵێک بووم، گێڕاوەتەوە.
[82] پەیامی یاسرعەرەفات بەبۆنەی تێرۆری دوکتور قاسملوو.

هاموشۆی تێکۆشەرانی کوردی بەسەردا بووە،[83] دەفتەرێک بکاتەوە. هەمان هەوڵ بۆ لیبی و یەمەنی دیموکراتیش دەدرێ بەڵام هیچ کام لەو هەوڵانە بە ئاکام ناگەن.[84] یەمەنی دیموکراتی لەو بارەیەوە سەرنجراکێشە کە ساڵی ۱۹۷۲ یازدە کەس لە تێکۆشەرانی بەرجەستەی حیزب[85] وەردەگرێ و لەبواری نیزامی و دەرمانیدا راهێنانیان پێ دەکا.

83 ساڵی ۱۹۷۷ دوکتور قاسملوو کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی حیزبە کوردییەکان بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەی کوردستانیی هەر چوار پارچە لە بەیرووت رێکدەخا.

84 کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، ستۆکهۆڵم، ۱۹۹۰، بەرگی ٤، لاپەرە ۱۷۲.

85 لەنێویاندا حەسەن رەستگار، سەید رەسووڵی بابی گەورە، حەسەن شیوەسەڵی و هاشم کەریمی.

## ٤/ حیزبی دێموکڕات و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان

یەکێک لە خەون و ئارەزووەکانی دوکتور قاسملوو کە زۆری هەوڵ بۆ دەدا ئەوە بوو کە مەسەلەی کورد وەك خۆی لە فۆڕۆمە نێونەتەوەییەکاندا بێتە بەر باس. کاتێك چەند مانگ پاش شەهید بوونی، یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی تایبەت بە پرسی کورد لە پاریس بەڕێوەچوو، بەشدارانی کۆنفرانس بۆ ڕێزگرتن لە هەوڵ و تێکۆشانی ناوبراو لەو بوارەدا، بە کۆی دەنگ کۆنفرانسەکەیان پێشکەش بە بیرەوەریی دوکتور قاسملوو کرد. لە ساڵەکانی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملووشدا حیزبی دێموکڕات بە بەردەوامی ڕێکخەر و بەشداری کۆبوونەوە و کۆنفڕانسی لەو جۆرە لە پێتەختەکانی ئورووپا و ئەمریکا بووە. کەموکوڕیی هەرە گەورەی ئەو کۆبوونەوانە ئەوە بووە کە بەبێ بەشداریی کاربەدەستانی ئیجرایی دەوڵەتانی موعتەبەری دنیا و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و لە ساڵۆنی فەرعیی پەرلەمانەکاندا بەڕێوە چوون، ڕەهەندی شەرعی و نێودەوڵەتییان لاواز و هیچ خرووجییەکی ڕەسمی و ئیلزامییان نەبووە.

## ٤.١/ ڕێکخراوە جیهانییەکان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەی سروشتی ئەو ڕێکخراوە بووە کە حیزبی دێموکڕات زۆرتر رووی لێ ناوە. سکرتێرە گشتییەکانی حیزبی دێموکڕات زۆر جار نامەیان بۆ سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە نووسیوە. نموونەی هەرە مێژوویی نامەی دوکتور قاسملوو بۆ خاڤیەر پێرێز دیکویلارە کە لە بەرە بەری کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عیراق وێڕای پێشوازی لە بڕیارنامەی (٥٩٨)، بۆی نووسیبوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست رووی ئاشتی بەخۆوە نابینێ ئەگەر ئاوڕێک لە مەسەلەی کوردیش نەدرێتەوە. قاسملوو لەوێدا هەروەها ئامادەیی حیزبی دێموکڕات بۆ هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دیتنەوەی مێکانیزمی ئاوڕدانەوە لە پرسی کورددا

رادەگەیەنێ.[86] بەڵام هەموو ئەو نامانە تەنانەت ئەو وەختە کە کەسێکی پێشتر دۆست و ناسیاوی حیزبی دێموکڕاتیش بۆتە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان،[87] بێ‌وەڵام ماونەوە.

لەبەر ئەوەی ئۆرگانە ئەسڵییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (بەتایبەتی سکرتێری گشتی و شووڕای ئەمنیەت) قەت حازر نەبوون لە کێشەیەکی "نێوخۆیی"دا کە بەنێودەوڵەتی نەکرابێ، لایەنە غەیرە دەوڵەتییەکانی ئەو کێشەیە بە موخاتب وەربگرن، لە دەهەی نەوەدی زایینی بەملاوە "ئێن‌جی‌ئۆ"کانی نزیک لە حیزبی دێموکڕات لەگەڵ بنیاتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ پێوەندییان دامەزراندووە و بە نامەکاری و بەشداری لە کۆبوونەوەکانیاندا تێکۆشاون دۆخی کوردی ڕۆژهەڵات بێننە بەر باس و حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە ڕاپۆرتی ڕاپۆرتۆرەکانی تایبەت بە ئێران و بڕیارنامەکانی کۆمیسیۆن/شووڕای مافی مرۆڤدا ڕەنگدانەوەیان هەبێ.[88]

ڕێکخراوەکانی دیکە بەتایبەتی یەکێتیی ئورووپا کە سیاسەتی نێودێر بە دیالۆگی ڕەخنەگرانەی لەگەڵ ئێران ساڵانێکی زۆر حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵاتی بێزار کردبوو و تەنیا هەنگاوی کۆنکرێتی لە قازانجی حیزبی دێموکڕاتدا پچڕاندنی پێوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەپاش دەرچوونی بڕیاری دادگای میکۆنووس بوو،[89] لە یەک دوو دەهەی دواییدا لەلایەن پێوەندییەکانی حیزبی دێموکڕاتەوە بایەخی زۆرتریان پێ دراوە. هێندێک وردە ڕێکخراوی نادەوڵەتیی نێونەتەوەییش هەن کە ئەگەرچی ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نیە بەڵام لەو بارەوە بەسوودن کە نیمچە تریبوونێکی نێونەتەوەیی دەدەنە بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان و یەک

[86] نامەی دوکتور قاسملوو بۆ گزاڤیە پێرێز دیکوێلار، ٣ی ئووتی ١٩٨٨.

[87] بۆ نموونە ئانتۆنیۆ گوتێرێس سەرۆکی پێشووی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست.

[88] جاری واش بووە حیزبی دێموکڕات بۆ کەیسێکی دیاریکراو نامە و پەیامی بۆ ڕێکخراوێکی جیهانی ناردووە، بۆ نموونە پەیامی کۆنگرەی یازدەی حیزب بۆ کۆبوونەوەی تارانی کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامی سەبارەت بە شەپۆلی تێرۆر و ڕاونانی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە باشووری کوردستان.

[89] کە ئەویش تەنیا شەش مانگی خایاند.

لەوان حیزبی دێموکڕات، بۆ نموونە "جنیڤا کاڵ" (بانگەوازی ژنێڤ) کە دەیەوێ بزوتنەوە چەکدارەکان لە بەرامبەر قانوونی بەشەردۆستیدا ئەرکدار بکا و "یووئێنپیئۆ" (ڕێکخراوی گەلانی بێدەوڵەت).

بەرفراوانترین ڕێکخراوی جیهانی کە حیزبی دێموکڕات لە کۆنەوە تێکەڵاویی لەگەڵ هەبووە و هەمیشە ئەمەشی وەک دەسکەوتێکی پاراـدیپلۆماسیی خۆی باس کردووە، ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیستە. دەرگای ئەو ڕێکخراوە بۆ حیزبی دێموکڕات و بۆ کورد پاش بەشداریی دوکتور قاسملوو لە کۆنگرەی حەڤدەهەمی ئەو ڕێکخراوە کە ساڵی ١٩٨٦ لە لیما پێتەختی شیلی بەسترا، کرایەوە. ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست کە زۆر لە حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراتەکانی ئەندامی لە وڵاتی خۆیاندا حیزبی حکومەتیین، بەپێچەوانەی ئەنترناسیۆناڵی دووەم کە هەر هی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوو و هیچ پشتیوانییەکی لە بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی گەلان نەدەکرد، هەمیشە شوێنێک بۆ بیستنی دەنگی ئەو گەلانە بووە کە بەزەحمەت دەنگیان دەگاتە دنیا. لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوە کە ئەندامەتی لەو ڕێکخراوەدا مەرج و پێوەری تایبەت بە خۆی لەبواری باوەڕ و پابەندی بە پرەنسیپە دێموکراتی و ئینسانی و پێشکەوتنخوازەکان‌دا هەیە، بەشداری و ئەندامەتی لەو ڕێکخراوەدا بۆ حیزبێکی وەك حیزبی دێموکڕات کە دوژمنانی کورد هەمیشە لە هەوڵی خەوشدارکردنی سیمایدا بوون،[90] وەک ئیعتبارنامەیەکی نێونەتەوەیی وا بووە.[91] ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست هەمیشە تریبوونی بە حیزبی دێموکڕات داوە، لە بڕیارنامەکانی خۆیدا پشتیوانیی لە خەباتی ئەو حیزبە کردووە و نوێنەرانی

---

[90] بۆ نموونە لە کۆبوونەوەی مانگی دێسامبری ٢٠٠٩ی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێف، پاش ئەوەی وتارمان پێشکەش کرد، سەرپەرستی هەیئەتی کۆماری ئیسلامی لەو کۆبوونەوەیەدا (محمد جواد لاریجانی) سەبارەت بە حزووری بە قەولی خۆی "تێرۆریستەکان" لەو کۆبوونەوەیەدا ئیعترازی کرد.

[91] حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی بیستەمی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست کە لە ڕۆژانی ٩ تا ١١ی سێپتامبری ١٩٩٦ لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بەسترا، بە ئەندامی چاوەدێری ئەو ڕێکخراوە وەرگیرا. ئەندامەتیی تەواوی حیزب (حدک) لە کۆبوونەوەی شووڕای ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە لواندا پێتەختی ئۆگانادا (٢٧ و ٢٨ی نۆڤامبری ٢٠١٥) وەدیهات.

حیزبی لە بنیاتە فەرعیەکانی وەك کۆمیتەی رۆژهەڵاتی ناوین و گرووپی کاری کوردان‌دا بەشدار و ئەرکدار کردووە. بەهۆی ئینشعابێک کە لە ساڵانی دواییدا لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا هاتۆتە پێش و بەشێکی بەرچاو لە رێکخراوە ئورووپاییەکانی ئەندام لەو رێکخراوەدا چوارچێوەیەکی دیکەیان لەژێر ناوی "هاوپەیمانیی پێشکەوتوو"دا دروست کردووە، ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست ئەمڕۆ جێگە و پێگەیەکی لاوازتری هەیە، بەڵام ئێستاش چوارچێوەیەکی لەبار بۆ لۆبیگەریی داڵانیی حیزبی دێموکڕات و حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵات و تەمرینی کاری هاوبەشی وان بەڕووی دەرەوەدایە.

## ٤.٢/ "دیپلۆماسیی بەشەردۆستی"

بەهۆی هەموو ئەو بەربەستە قانوونی و سیاسییانەی لەسەر رێی دەرکەوتن و دەسڕاگەیشتنی حیزبی دێموکڕات بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەبوون، حیزبی دێموکڕات بۆ راکێشانی هاوکاری و گەیاندنی هاواری گەلەکەی بە دنیا ناچار بووە پشت بە'دیپلۆماسیی ئینسانی' ببەستێ. لەدوای فەتوای جیهادی خومەینی بەدژی کوردستان و دەسپێکردنی خۆڕاگریی چەکدارانەی کورد لە ئێرانەوە دوکتور قاسملوو پەیتا پەیتا نامەی بۆ کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکانی جیهان ناردووە هەتا لە سۆنگەی مرۆڤدۆستییەوە داوای هاوکارییان لێ بکا. بەشێکی بەرچاوی هێز و وزەی رێبەران و نوێنەرانی حیزبی دێموکڕات لەو ساڵانەدا بۆ راکێشانی یارمەتییە ئینسانییەکان تەرخان کرابوو.[92] لە ساڵەکانی هەشتای زایینیدا لەسەر بانگهێشتنی دوکتور قاسملوو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی فەڕانسە و ئورووپا بەتایبەتی پزیشکانی جیهان و یارمەتییە دەرمانییە نێونەتەوەییەکان و پزیشکانی بێ‌سنوور بە هانای بریندارانی شەڕی کوردستانەوە دەهاتن. زۆر لەو بیانییانەی لەم ساڵانەدا دەهاتنە کوردستان پاش گەڕانەوەیان بۆ

[92] بۆ نموونە نامەی دوکتور قاسملوو، ١٤ی ئاوریلی ١٩٨٣. هەر لەسەر پێشنیاری دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٦٢-وە شەوی هاوپێوەندی لەگەڵ کوردستان لە فەڕانسە داهێنرا کە هەموو ساڵێک لە مانگی مای دا بەڕێوە دەچوو.

دەرەوە دەبوون بە بەشێک لە تۆڕی پێوەندییەکانی حیزب و هێندێکیشیان لەبەرئەوەی دواتر لە وڵاتی خۆیاندا پۆستی بەرزی دیپلۆماسییان وەرگرت،[93] لە ئاستی سیاسیشدا زۆر جار هاوکاریی حیزبی دێموکڕات و گەلی کوردیان کردووە.

## ٤.٣/ ڕاگەیەنە گشتییەکانی دنیا

لە بەرامبەر ئەو سانسۆرەدا کە هەم ڕێژیمی شا و هەم بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران و بە ڕووی دەرەوەدا بەسەر پرسی کورد لەو وڵاتەیاندا کێشابوو،[94] حیزبی دێموکڕات هەمیشە لە هەوڵی ناساندن و دەنگدانەوە بەخشین بە دۆخی کوردستان و خەباتی کورد لە مێدیاکانی جیهاندا بووە. بۆ ئەو مەبەستەش حیزبی دێموکڕات هەمیشە هەوڵی داوە هەواڵنێرانی بیانی بۆ رووماڵی دۆخ و خەباتی کورد رابکێشێتە کوردستان و ڕێبەران و نوێنەرانیشی لە مێدیا غەیرە کوردییەکاندا دەربکەون. لەلایەکی دیکەوە، ئەو حیزبە ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد لە مێدیاکانی دەرەوەی وەک نیشانەیەکی ئیعترافی نێونەتەوەیی و وەک ئامرازێک بۆ بەرزڕاگرتنی ورەی خەڵک و تێکۆشەرانی نێو مەیدانی سەختی خەبات بەکار بردووە. لە سەردەمی کۆماردا، گۆشەیەکی تایبەتیی رۆژنامەی کوردستان بەناوی "دەنگوباسی هەندەران" بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە کورد لە دنیای دەرەوەدا تەرخان کرابوو.[95] لە ساڵی

93 ناسراوترینیان د. بێرنارد کوشنێر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی فەڕانسە و د. فرێدریک تیسۆ کۆنسولی گشتیی پێشووی فەڕانسە لە هەولێرن.

94 کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی رابردوودا سیاسەتی خۆی لەو بارەوە گۆڕیوە و پاش رۆژگارێک ئینکار و سانسۆر لەپێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە ئێران و خەباتی هێزەکانی رۆژهەڵات، ئێستا تاکتیکی باسکردنی چەواشەکارانەی گرتۆتە بەر.

95 بۆ نموونە لە ژمارە (١٨)ی رۆژنامەی کوردستاندا (٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٥) باسی ئەوە کراوە کە رادیۆ بەیرووت هەواڵی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بڵاو کردۆتەوە. لە رۆژنامەی کوردستانی ئووتی ١٩٧٢ باس کراوە کە رۆژنامەی "الاخبار"ی لوبنانی بەرنامەی حیزبی بە عەرەبی چاپ کردووە.

١٣٦٢ی هەتاوی بەولاوە ئەو گۆشەیە لە رۆژنامەی کوردستان‌دا لەژێر ناوی"مەسەلەی کورد لە راگەیەنە گشتییەکاندا" زیندوو کرایەوە.

جێگەی داخ ئەوەیە کە رەنگدانەوەی خەباتی گەلی کورد و حیزبی دێموکڕات و هاوپێوەندی لەگەڵ ئەو حیزبە ئەوەندەی لە کاتی کارەساتەکاندا بەرچاو بووە، ئەوەندە لە رەوتی دائیمیی خەباتی حیزب و گیانبازیی پێشمەرگە و خەڵکدا نەدیتراوە.[96] دیارە ئەوە هۆکاری سیاسیشی هەیە. بۆ نموونە ئەو ڕووماڵەی مێدیا رۆژئاواییەکان لە سەرەتای ئینقلابدا لە خەباتی حیزب و شەڕی کوردستانیان دەکرد، دواتر لەگەڵ "سەقامگیربوونی" ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وردە وردە کز بۆوە. راستییەکەی ئەوەیە سەرەڕای ئازادیی مێدیا لە وڵاتانی دێموکراتیکی رۆژئاوا، لەویش سەرنج و روانینی راگەیەنە گشتی و بنیاتەکان بە ڕادەیەکی زۆر بە بەرژەوەندی و ئەولەویەتەکانی سیاسەتی دەرەوە بەستراوەتەوە.

[96] بۆ نموونە شەهید بوونی قادر وێردی کاتی خۆی رەنگدانەوەی بەرچاوی لەنێو هێندێک مێدیای دەرەوەدا ببوو (وەک ئۆرگانی حیزبی شۆڕشگێڕی کرێکاریی ئینگلستان)؛ تێرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بێوێنەترین رەنگدانەوەی مێدیایی و هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی لە مێژووی حیزبی دێموکڕاتدا لێ کەوتەوە؛ هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی بەتایبەتی هێرشی ساڵی ١٩٩٦ و موشەکبارانی قەڵای دێموکڕات دژکردەوەی بەشێك لە دەبیرخانە رەسمییەکانی دەوڵەتان و پرسیار و داوای ئیقدامی نوێنەرانی پەرلەمانی وڵاتانی رۆژئاوایی لە وەزارەتی دەرەوەی خۆیانی بەدوادا هات.

## ٥/ پرەنسیپەکانی پێوەندییە دەرەکییەکانی حیزبی دێموکڕات

ڕوانین و لێکدانەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان لەگەڵ ئەوە کە دابڕاو لە پارامێترە عەینی و زەینیەکانی هەلومەرجی هەر قۆناغێک نەبووە و تەئسیری لێ وەرگرتووە، هەمیشە ڕوانگەیەکی سیاسی و نائیدئۆلۆژیک بووە. ئەو حیزبە قەت پێی وا نەبووە کە کاری وی شرۆڤەی وشک و مەکتەبییانەی ململانێ نێودەوڵەتییەکانە، بەڵکوو لەبەرئەوەی هەمیشە فەلسەفەی وجوودی و ئەولەویەتی کاری خۆی کە خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەکەیەتی لەبیر بووە، زۆرتر تێکۆشاوە کارتێکەریی ئەو ململانێیانە لەسەر هەلومەرجی خەباتی خۆی پێشبینی بکا. ئەگەر ئەو حیزبە هێندێک جار لە خانەی چەمکە ئیدئۆلۆژییەکانیشدا هەڵوێستی گرتبێ یان گۆڕانێکی لە ڕوانینی خۆیدا پێک هێنابێ (وەک لەسەرەوە لەپێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزمی دێموکڕاتیکدا باسمان کرد)،[97] ئەوە نەک لەبەر هۆگریی خۆڕایی بەو سنووربەندییانە، بەڵکوو لەپێناو ئامانجێکی سیاسی‌دا بووە کە بریتییە لە کردنەوەی دەروویەک بەڕووی خەباتی خۆی و دۆزی گەلەکەیدا.

حیزبی دێموکڕاتی کورستان لە سەردەمی ئەمڕۆدا زۆرتر خوێندنەوەیەکی لیبرالییانەی بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە، بەو مانایە کە نە ساویلکانە ئیدەئالیستە و نە دەشیهەوێ ڕیئالیستانە تەسلیمی دۆخی ئارایی بێ، بەڵکوو دینامیزمی بنیاتنەری نێودەوڵەتی وەک پێشکەوتنێک دەبینێ کە یارمەتی دەکا بەوە کە هێز و دژەهێزی جۆراوجۆر شوێندانەر بن و لەم ڕێگەیەوە سەرەڕۆیی و سەرکێشیی دەوڵەتان لە سەرەوە و لە دەرەوەڕا سنووردار بکرێ.

ئەوەندەش کە پێوەندیی بە خۆی و مەسەلەی میللەتەکەیەوە هەیە، هەڵوێست و مامەڵەی ئەو حیزبە لەگەڵ دنیای دەرەوە بە درێژایی مێژووی خۆی هەڵگری کۆمەڵک خیسڵەت و پرەنسیپە کە دەتوانین بە شێوەی خوارەوە ئیشارە بە هێندێکیان بکەین:

---

[97] بڕوانە سەرەوە ٢.١.

١ /لەگەڵ ئەوە کە حیزبی دێموکڕات هەرگیز لە گرینگیی فاکتەری نێونەتەوەیی بۆ دۆخی خەباتی خۆی و چارەنووسی گەلی کورد غافڵ نەبووە، ئەو حیزبە زۆرتر تێکۆشاوە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی قائیم بە زات چاو لێ بکا. هەر بەو پێیە بزوتنەوەی کوردیش دەبێ پێش هەموو شتێک لە ناخ و وزە و ئیرادەی خۆیدا بۆ شەرعیەتی خۆی بگەڕێ و بەپشتبەستن بە پاشخانی مێژوویی و واقعیاتی مەیدانیی کۆمەڵگای خۆی و دەوروبەری، فاکتەرەکانی دیاریکردنی ئایندەی خۆی دەستنیشان بکا. یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە چارەنووسی گەلی کورد لە واشنگتۆن و لەندەن و مۆسکۆ دیاری ناکرێ، بەڵکوو لە کوردستان دیاری دەکرێ. هەربەو پێیە، حیزبی دێموکڕات لە مامەڵە لەگەڵ بلۆکبەندییە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکانیشدا لەسەریەک سەنگین و سیاسییانە جوڵاوەتەوە و بەستراوە و پاشکۆی هیچکام لە جەمسەرە جیهانی و هەرێمییەکان نەبووە.

٢/ لەگەڵ ئەوە کە حیزبی دێموکڕات لە ژینگەیەکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بێڕەحم و نالەباردا خەبات دەکا، ئەو حیزبە پێی وا نیە کە سەختیی بارودۆخ و دڕندەیی دوژمن یان بێمەیلیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، دەستبردن بۆ هەموو کارێک پاساو دەدا. لەو شوێنە کە زۆربەی بزوتنەوە چەکدارەکانی دنیا لەپێناو ناچارکردنی دەوڵەتی نەیار یان راکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی دنیا پەنا بۆ مێتۆدی نائینسانی و ناشارستانی دەبەن، حیزبی دێموکڕات هەمیشە خۆی لە هەڵسوکەوتی لەو جۆرە بواردوە. دوکتور قاسملوو دەیگوت "ئێمە حازر نین بۆ ڕێکلامی کاتی، کاری تێرۆریستی بکەین و پرەنسیپەکانمان ژێر پێ بخەین".[98] لەگەڵ ئەوە کە حیزبی دێموکڕات هەمیشە زانیویەتی کە ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکان جاری دەتوانێ ببێتە هۆی

[98] GHASSEMLOU, Abdulrahman, « L'impact de la guerre entre l'Irak et l'Iran sur le mouvement national kurde », *in Ghassemlou, l'homme de paix et de dialogue*, pp. 64-74, p. 73.

لاوازبوونی جێگە و پێگەی مەیدانیی خۆی، بەڵام واش هەر پێی وا نەبووە کە ئامانج هەموو شێوازێک پاساو دەدا.

٣/ لەگەڵ ئەوە کە حیزبی دێموکرات هەمیشە لێکەوتەکانی دابەشبوونی کوردستانی لەبیر بووە و دژی دەستێوەردانی هێز و لایەنی هەر پارچەیەکی کوردستان لە کاروباری پارچەکانی دیکەدا بووە، ئەو حیزبە دایمە مەسەلەی کوردی وەک یەک مەسەلە چاو لێ کردوە. یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی دوکتور قاسملووی لە رێبەرانی دیکەی کورد جیا دەکردەوە ئەوە بوو کە ئەو لە تێکۆشانی پاراٖدیپلۆماتیکی خۆیدا هەمیشە باسی مەسەلەی کوردی لە تەواوەتیی خۆیدا دەکرد.

٤/ لەگەڵ ئەوە کە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا هەمیشە قازانجی خۆیان لە درێژەکێشانی "ستاتووکۆ" (وەزعیەتی مەوجوود)دا دیوە و سەقامگیریی رواڵەتیی نەخشەی سیاسیی ناوچەیان بۆ کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانی کورد بەکار بردووە، حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە پشتیوانی چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەکانی جیهان و ناوچە و بەهێزکردنی مێکانیزمەکانی هاوکاری و شەرعیەتی نێودەوڵەتی زانیوە. لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عیراقدا حیزبی دێموکرات سەرەتا هێرشی عیراق بۆ سەر ئێرانی مەحکووم کرد و تەنانەت ئامادەیی خۆی راگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی حازر بێ دان بە مافی گەلی کورددا بنێ، بەرەنگاری هێرش و دەستدرێژیی دەرەکی بۆ سەر ئێران بێتەوە. کاتێکیش ساڵی ١٣٦١ دەرفەت بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕە پێکهات بەڵام ئەمجارە خومەینی رازی نەبوو شەڕ رابگرێ، حیزبی دێموکرات نەکەوتە داوی وەتەنپەرەستیی کازب و شەڕخوازیی خومەینیی مەحکووم کرد. لە کۆتاییشدا کاتێک بڕیارنامەی (٥٩٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو و خومەینی بە وتەی خۆی "جامی ژەهری خواردەوە"، حیزبی دێموکرات ئەگەرچی زۆر باش

دەیزانی ئاکامەکانی تەواوبوونی شەڕی ئێران و عیراق لەباری مەیدانییەوە بۆ خەباتی حیزبی دێموکڕات چین،[99] پێشوازیی لە کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە کرد.

٥/ حیزبی دێموکڕات هەمیشە بە عیلم بە عورفی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ڕووداوەکانی دەرەوەی خۆی هەڵوێستی گرتووە و هەرگیز پێی وا نەبووە کە بۆ ڕەگەڵکەوتنی ڕەوتی باو دەبێ چاوپۆشی لە پرەنسیپە ئینسانی و شارستانییەکان بکا. کاتێک لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لەلایەن گرووپی ناسراو بە "خوێندکارانی لایەنگری خەتی ئیمام"هوە داگیر کرا، لەگەڵ ئەوە کە حیزبی دێموکڕات بەدرێژایی تەمەنی تا ئەودەمی داری پشتیوانیی ئەمریکا لە ڕێژیمی شای خواردبوو و هێشتا خۆی لە خانەی دژەئیمپریالیستیدا پێناسە دەکرد، ئەو حیزبە جیاواز لە زۆربەی نزیک بە تەواوی هێز و لایەنەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، ئەو کردەوەیەی بەبێ پەردە مەحکووم کرد. لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە، حیزبی دێموکڕات زۆر زوو نێوانی لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدنی خەڵق تێک چوو و تەنیا جاریش کە بەیاننامەی هاوبەشی لەگەڵ هێندێک کەسایەتی و ڕێکخراوی ئێرانی ئیمزا کرد کە لەباری ئامانج و مەرامەوە هاوبەشییەکی ئەتۆی لەگەڵیان نەبوو، بۆ ئەوە بوو کە لە بەرامبەر پێشنیاری پارلمانی ئورووپا بۆ بەڕەسمی ناسینی موجاهیدین وەك نوێنەری خەڵکی ئێران ئیعتراز بکا.[100] کەچی کاتێك لە

[99] لەو کاتەدا وەک ساڵی ١٩٧٥ ئەو مۆتەکەیە باڵی بەسەر بزوتنەوەی کورددا کێشابوو کە ڕێککەوتنی ئێران و عیراق بە پێشنیاری دنیای دەرەوە ئەمجارەش لەسەر حیسابی بزوتنەوەی کورد بێ، نیگەرانییەک کە وەک دواتر دەرکەوت زۆریش بێجێ نەبوو.

[100] لەو کاتەدا ٣٠٠ کەس لە ئەندامانی پارلمانی ئورووپا بەیاننامەیەکیان بەو ئاقارەدا دەرکردبوو. حیزبی دێموکڕات (بە ئیمزای نوێنەری خۆی لە ئورووپا، شەهید عەبدوڵڵا قادری) لە ئیعترازنامە هاوبەشەکەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەم کارە بە "تەعینی تەکلیف" بۆ خەڵکی ئێران ناو دەبا و داوا لە پارلمانی ئورووپا دەکا بەو هەڵوێستەیدا بچێتەوە. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە (١٥٠)، جۆزەردانی ١٣٦٨.

جۆزەردانی ١٣٨٣ پۆلیسی فەڕانسە هێرشی کردە سەر بنکەکانی ئەو سازمانە لە پاریس، حیزبی دێموکڕات بە ڕوونترین دەربڕین ئەو هێرشەی مەحکووم کرد.[101]

٦/ سەرەنجام و لە هەمووی گرینگتر، حیزبی دێموکڕات لە پێوەندییە هەرێمی و نێونەتەوەییەکانی خۆیدا هەمیشە تێکۆشاوە سنووری نێوان دۆستایەتی و سەربەخۆیی سیاسی رابگرێ. ئەوەمان لە مامەڵەی ئەو حیزبە لەگەڵ بلۆکبەندییەکانی سەردەمی شەڕی ساردد دیت.[102] بەڵام لە پێوەندیی حیزبی دێموکڕات و دەوڵەتی عیراقدا کە بە دانپێدانانی خودی سەرکردە کوردەکانی عیراق و بەپێی "ویکیلیکس" خاوێنترین جۆری پێوەندیی نێوان دەوڵەتێک و ئەکتەرێکی غەیرە دەوڵەتی بووە، جوانتر دەردەکەوێ. ئەگەر بە هەڵکەوت دەوڵەتی عیراق داوایەکی لە حیزبی دێموکڕات کردبێ کە لەگەڵ ریسالەتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی وی ناتەبا بووبی، ئەو حیزبە بەبێ دوودڵی رەتی کردۆتەوە. بەم چەشنە پێش ئینقلابی ئێران وەختێك دەوڵەتی عیراق داوا لە حیزب دەکا کە لە رادیۆ و رۆژنامەی خۆیدا بەدژی بزوتنەوەی کورد لە عیراق و بارزانی بدوێ یان لە هێرش کردنە سەر رێژیمی شا خۆ ببوێرێ، ئەو حیزبە داخرانی مێدیاکانی خۆی بەسەر ملدان بۆ ئەو جۆرە داوایانەدا تەرجیح دەدا.[103] حیزبی دێموکڕات هەمیشە گوتوویەتی ئێمە وەرگرتنی یارمەتیی دەرەکی بە هەقی خۆمان دەزانین، بەڵام یارمەتیی مەرجدار قبووڵ ناکەین. بەپێی هێندێک سەرچاوە کاتێك پاش ئینقلاب و دەسپێکی دانوستانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و کۆماری ئیسلامی، دەوڵەتی عیراق مەرجی قورس بۆ درێژەدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزبی دێموکڕات دادەنێ، ئەو حیزبە رەتیان دەکاتەوە.[104] لە هەلومەرجێکدا کە حیزبی دێموکڕات هەم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە شەڕدا بوو و هەم

---

[101] بەیاننامەی ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەردەمی حکومەتی نوری مالیکیشدا کە ناوبەناو دەست و پێوەندەکانی ئێران لە عیراق هێرشیان دەکردە سەر کەمپی ئەشرەف، هەمان هەڵوێستی گرت.

[102] بڕوانە سەرەوە، بەشی ٢.

[103] حەسەن زادە، عەبدوڵڵا، ئەزموونی خەبات (وتووێژی هەیاس کاردۆ)، چاپی ستۆکهۆڵم، ل ٧١.

[104] حیسامی، کەریم، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی شەشەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢، ل ٢٥٠.

پێویستیی بە یارمەتیی دەوڵەتی عێراق هەبوو، کاتێک ساڵی ١٣٦١ عێراقییەکان فڕۆکەیەکی نیزامیی ئێرانیان لەسەر ئاسمانی کوردستان (لە بێهەنگوینی مەهاباد) بەردایەوە و فڕۆکەوانەکە بە برینداری کەوتە دەست حیزبی دێموکڕات، ئەو حیزبە داوای دەوڵەتی عێراق بۆ تەحویلدانی فڕۆکەوانەکەی لە بەرامبەر پاداشی ماددیشدا قبووڵ نەکرد و ئەسیرەکەی شەڕی ڕادەستی دوژمنی خۆی واتە کۆماری ئیسلامی کردەوە.

## ٦/ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی تیکۆشانی نێونەتەوەیی حیزبی دێموکڕات

بەو هۆکارە سیاسی و حقووقییانەی پێشتر باسمان کردن، پێوەندییە دەرەکییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەنانەت ئەو کاتەی سەرکەوتنی درەوشاوەشی بەخۆوە دیوە، هەمیشە وەك پێوەندیی نارەسمیی بزوتنەوەی گەلێکی ژێردەستە و حاشالێکراو لە هەلومەرجی زۆر سەختی خەباتدا ماوەتەوە. ئاشکرایە گەلێک کە حاشا لە بوونی دەکرێ و هەڕەشەی نەمانی لەسەرە، بە بایەخەوە بۆ هەر جۆرە سەرنج و پشتیوانییەک دەڕوانێ کە دنیای دەرەوە حازر بێ پێی نیشان بدا، تەنانەت ئەگەر ئەو سەرنج و پشتیوانییە لە کەمترین ئاست و لاوازترین شکڵیشدا بێ.

ئەگەر یارمەتیی ناوەندە بەشەردۆستەکان و هاوکاریی دەوڵەتی عێراقی لێ دەربکەین، لەسەریەک دەتوانین بڵێین بەرهەمی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکڕات ئەوەندەی هەبووە زۆرتر سیاسی و مەعنەوی بووە و کەمتر وا هەبووە پشتیوانیی کۆنکرێتی ماددی، نیزامی یان لۆژیستیکی لێ بکەوێتەوە. ئەوەش هەم بۆ بێمەیلی و موحافزەکاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە، هەم بۆ جۆرێک کۆمپلێکس (عوقدە) کە وای کردووە لە فەزای سیاسیی ئێرانیدا داوای هەر جۆرە یارمەتییەکی دەرەکی بە "خیانەت بە نیشتمان" لێک بدرێتەوە.[105] ئەوە لەحاڵێکدایە کە لەنێو پەسندکراوەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بنەمای وا هەیە کە رێگە بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس

105 [105] بۆ نموونە دژکردەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە پەیامی پیرۆزبایی مستەفا هیجری بۆ هەڵبژێرانەوەی جۆرج بووشی دووەم بە سەرکۆماری ئەمریکا کە لەوێدا ناوبراو هیوای خواستبوو ئەمریکا بۆ کۆتایی هێنان بە حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی یارمەتیی خەڵکی ئێران بدا؛ کاتێک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای پێشوازی لە بڕیارنامەی ۱۹۷۳ی شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (مارسی ۲۰۱۱) بۆ دانانی هەرێمی دژەفڕین لە لیبی، لە بەیاننامەیەکدا داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کە هەمان هەنگاو بۆ پاراستنی گەلی کورد هەڵێنێتەوە، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تەنانەت ئەو لایەنانەی (وەك اتحاد فدائیان خلق ایران) کە زۆر دۆستی حیزبی دێموکڕاتن، بەدژی حیزبی دێموکڕات وەدەنگ هاتن؛ لە کاتی راگەیاندنی هاوپەیمانی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران-یش (هانۆڤر، فێوریەی ۲۰۱۹) قسەکانی نوێنەری حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا (نووسەری ئەم دێڕانە) لەبارەی رەوایی داوای پشتیوانیی نێودەوڵەتی، دژکردەوەی لایەنە ئێرانییەکانی لێ کەوتەوە.

دەدا کە  هەر جۆرە یارمەتییەکی ڕەوا لە دەرەوە وەربگرن و تەنانەت دەوڵەتانی دیکە ئەرکدار دەکا بە هانای ئەو گەلانەوە بچن.[106]

ئەو بەربەستە دوولایەنەیە واتە بێمەیلیی دنیا لەلایەک و شەرمێونیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی لەلایەکی دیکەوە بۆ مەسایلی سیاسییش راستە و کەمتر وا هەبووە تەعامولی حیزبی دێموکڕات و دنیای دەرەوە یارمەتیی چارەنووسسازی سیاسیی لێ بکەوێتەوە. تاقە دەسپێشخەریی دیپلۆماسیی دەوڵەتی کە لەم دواییانەدا دیتراوە نێوبژیوانی و ئاسانکاریی بنیاتێکی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتێکی ئوورووپایی بۆ زەمینەسازیی موزاکرە لەنێوان پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و کۆماری ئیسلامی‌دا بوو.[107] بەدەر لە پاڵنەری راستەقینەی ئەو رێکخراوە  و جیا لە قەزاوەتی سیاسی لەسەر  پرسی موزاکرە لەگەڵ  کۆماری ئیسلامی،[108] ئەم دەسپێشخەرییە لەو ڕووەوە دەبێ بە موسبەت ببینرێ کە دەرفەتێکی پێشتر تاقینەکراوەی بۆ جۆرێک لە دانپێدانان بە فاکتەری کورد لە ئێران و تەمرینی کاری هاوبەش و راهێنانی دیپلۆماسیی حیزبە سەرەکییەکانی رۆژهەڵات رەخساند. بەو حاڵەش ئەو مەوریدە هیچ لە وێنە گشتییەکە ناگۆڕێ کە لەودا بزوتنەوەی کورد لە ئێران هێشتا لەلایەن ناوەندە نێونەتەوەییەکانەوە وەک ئەکتەرێکی موعتەرەف تەعامولی لەگەڵ ناکرێ.

ئەگەرچی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ناساندنی مەسەلەی کورد بەتایبەتی کوردی رۆژهەڵات بە دنیای دەرەوە و لەقاودانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و خراپکارییەکانی لە ناوچەدا تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە، بەڵام بە زۆر هۆکاری قانوونی و سیاسی بەرهەم و سروشتی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەو حیزبە لە ئاست خەباتی دوور و

---

[106] CASSESE, Antonio, « Le droit international et la question de l'assistance aux mouvements de libération nationale», RBDI, 1986/2, pp. 307-326.

[107] ئەگەر تێرمینۆلۆژیی دروست بەکار ببەین، کاری ئەو رێکخراوە نێوبژیوانی (mediation) نەبووە، بەڵکوو تەنیا ئاسانکەرەوە (facilitation) بووە.

[108] بۆ ڕوانگەی ئێمە بڕوانە: حسن زاده، آسو، "مذاکرەی احزاب سیاسی کردستان با جمهوری اسلامی: چرا آری؟ چرا نه؟"، دویچه وله، ۲۰۱۹/۸/۱۵. (https://www.dw.com/fa-ir/a-50035746)

درێژ و بێپسانەوەی حیزبی دێموکڕات و فیداکاری و سەختیچاشتنی پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان نەبووە. بەپێچەوانەی بۆچوونی باو ئەوەش تەنیا بۆ نەمانی دوکتور قاسملوو کە تا ئێستا کورد دیپلۆماتی ئەوەندە وشیار و کارامەی بەخۆیەوە نەدیتوە، ناگەڕێتەوە. سەردەمێک حیزبی دێموکڕات لە لوتکەی مەیدانداریی خۆیدا بوو و بە وتەی کریس کۆچێرا پێوەندییەکانی لە ئاستێکدا بوون کە کوردەکانی عیراق ئێرەییان پێ دەبرد.[109] لە نێوەڕاستی هەشتاکانی زایینیدا دوکتور قاسملوو بۆخۆیشی لەوە خۆشحاڵ بوو کە مەسەلەی کورد زیاتر لە جاران لە دنیادا کەوتۆتە بەر باس و پێی وابوو بەهۆی کۆنەپەرست بوونی ڕێژیمی خومەینی و شۆڕشگێڕ بوون و بەپرەنسیپ بوونی حیزبی دێموکڕات، خەباتی کورد لە ئێران زیاتر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان سەرنجی دنیای ڕاکێشاوە. کەچی ناوبراو لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا لە هەڵوێست و مامەڵەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە بەرامبەر قەزیەی کورددا دڵسارد و نائومێد دیار بوو. قاسملوو لەو بارەوە دەڵێ "جێگای داخە کە تەنیا پاش بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە کۆمەڵگای جیهانی سەرنجی جیددیی داوەتە دۆزی کورد و ئێستاش حازر نیە ئەو مەسەلەیە لە ڕەهەندی ڕاستەقینەی خۆیدا ببینێ و تەنیا لە خانەی پرسی چەکی کۆمەڵکوژدا بۆی دەڕوانێ".[110] کاتێک لە سەفەری پێش ئاخریدا بۆ دەرەوەی وڵات، هەواڵنێری بی‌بی‌سی لە دوکتور قاسملوو دەپرسێ داخوا بۆ داوای یارمەتیی کۆنکرێت هاتۆتە ئورووپا، ناوبراو لە وڵامدا دەڵێ:

"نەخێر، چونکە هیچ دەوڵەتێک ئامادە نیە پشتیوانی لە مەسەلەی کورد بکا. ئێمە کەمێک یارمەتیی مەعنەوی و سیاسیی هێندێك لە ڕێکخراوەکان و کەسایەتییەکان و نوێنەرانی پارلمان و هێندێک ڕێکخراوی مرۆڤدۆستمان پێ دەگا. بەهۆی بارودۆخێکی ژێئۆپۆلیتیک کە هەمانە، هیچ کەس پێی خۆش نیە بەو شێوەیە کە بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی فەلەستین یان ئێریترە و پۆلیساریۆ و هی دیکە دەکرێ، یارمەتیمان بکا".[111] هەر لەو سەروبەندەدا حیزبی دێموکڕات لە پەیامێکدا بۆ حیزب و ڕێکخراوە دێموکڕات و پێشکەوتنخوازەکانی سەراسەری

---

[109] KUTCHERA, *op. cit.*, p. 203.

[110] *Ghassemlou, l'homme de paix et de dialogue*, *op. cit.*, p. 69.

[111] ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (١٢٠).

جیهان (واته ئەوانەی بەحیساب دۆستی حیزبی دێموکڕات بوو و پەیامی هاوپێوەندی و پشتیوانییان بۆ کۆنگرەکانی ئەو حیزبە دەنارد) پێی رایگەیاندبوون "پشتیوانیی ئەوان لە خەباتی [ئەو حیزبە] بە هیچ جۆر لە ئاستی قەبارەی راستەقینەی خۆڕاگری و خەباتی ئەو حیزبەدا نیە".[112] واقعیەتێک کە لە ساڵانی دواتریشدا گۆڕانێکی وەهای بەسەردا نەهاتووە و ئەو حیزبە هەروا دڵسارد بووە لەوە کە دەوڵەتانی دێموکراتیک لەپێناو بەرژەوەندییە تەسک و کاتییەکانی خۆیاندا لەسەر ساتوسەودایان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکتاتۆڕ بەردەوامن.[113] تەنانەت زۆربەی کات حیزبە چەپ و "دێموکڕاتەکان" لە ئورووپا و ئەمریکا کاتێك هاتوونە سەرکار، سیاسەتێکی زۆر نەرمتر لەوە کە حیزبە دەستیڕاستییەکان کە کەمتر دەرگایان بەسەر پاڕادیپلۆماتەکانی کوردی رۆژهەڵاتدا کردۆتەوە، لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا گرتۆتەبەر.[114]

ئەزموونی خەباتی گەلان تەنانەت هی ئەو گەلانە کە خاوەنی قەوارەی نێوخۆیی دانپێدانراون نیشان دەدا هەتا لە نێوخۆی وڵاتدا زەمینەی دێموکڕاتیک بۆ گفتگۆ و ئیدارە و چارەسەری کێشەکان زیاتر بێ، ئەو گەلانە کەمتر پێویستیی پەنابردن بۆ مەیدانی نێونەتەوەیی هەست پێدەکەن. ئەمە بۆ حیزبی دێموکڕاتیش راستە. سەرنجڕاکێشە بزانین لە حاڵێکدا کە پێش ئینقلابی ئێران ئۆرگانی رەسمیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پڕ بوو لە رەنگدانەوەی هەوڵەکانی ئەو حیزبە بۆ راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی، لە مانگەکانی پاش ئینقلاب و تا یەک دوو ساڵیش کەمترین هەواڵ و بابەتی لەم چەشنە لە رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە. هەر کاتێکیش حیزبی دێموکڕات لە چەقی جوغرافیای ئەسڵیی خەباتی خۆی دوورتر کەوتۆتەوە، ئەو حیزبە زیاتر ناچار بووە چاو لە فاکتەری نێونەتەوەیی ببڕێ و تێکۆشانی دەرەوەی

---

[112] پەیامی کۆنگرەی حەوتی حیزبی دێموکڕات بۆ حیزب و رێکخراوە دێموکڕات و پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری جیهان.
[113] راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی دەهەم، نوسخەی فارسی. بڕگەکە لە باسی کۆنفرانسی جیهانیی مافی مرۆڤ (١٩٩٣) دا، سیاسەتی نیسبیەتی فەرهەنگیی دەوڵەتانی دیکتاتۆڕی وەك ئێران کە بۆ رەچاونەکردنی ستاندارده نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بەربەست و پاساوی کەلتووری بە بیانوو دێننەوە لەلایەک، و سات و سەودا و چاوپۆشیی دەوڵەتە دێموکراتیکەکان لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکتاتۆڕلێدراودا لەلایەکی دیکەوە، دەخاتە تای تەرازوویەکەوە.
[114] بەراوردی سیاسەتی دەرەوەی فەڕانسە لە بەرامبەر ئێران لە سەردەمی فرانسوا ئۆلاند لەگەڵ سەردەمی نیکۆلا سارکۆزی نموونەیەکی باشی ئەم پاڕادۆکسەیە.

وڵات و روو بە دەرەوەی وڵاتی خۆی پەرە پێ داوەتەوە. هەڵبەت چالاکبوون لەبواری پاڕادیپلۆماسیدا خودبەخود بە مانای ئەوە نیە کە ئاست و کوالیتیی پێوەندییەکان لەسەرێیە. بۆ نموونە، پاش لەتبوونی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ ئەوە کە چالاکییەکانی هەردوو لایەنی دێموکڕات لە دنیای دەرەوەدا رەنگە لەچاو جاران زیاتر و فرەچەشنتر بووبن، بەڵام ئەو حیزبە لەو مەیدانە وەک لە مەیدانەکانی دیکەدا ئەو سەنگەی جارانی نەبووە. لەڕاستیدا جێگە و پێگەی هەر بزوتنەوەیەک بەوە بەندە کە ئەو بزوتنەوەیە تا چ ڕادەیەک لە هاوکێشەکانی پێوەندیدار بە ئایندەی وڵات و ناوچەی خۆی‌دا شوێندانەرە، بەهێز و یەکگرتوویە،خاوەن هەنگاوی ورد و روانگەی ستراتژیکە، هەموو توێخ و جومگەکانی کۆمەڵگا لە خەبات وەردەدا، توانای پسپۆڕ و هێزی هەراو لە هەموو بوارەکاندا لێک گرێ دەدا و بەرژەوەندیی دنیای دەرەوە بۆلای خۆی رادەکێشێ.

# ئەنجام: دوورەدیمەنی پاراـدیپلۆماسیی کوردی رۆژهەڵات

دەرکەوتن و سەرکەوتنی بزوتنەوەیەکی رزگاریخواز لە مەیدانی نێونەتەوەییدا بە جێگە و پێگە و هێز و توانای هەقیقیی بزوتنەوەکە لە مەیدانی نێوخۆییدا بەستراوەتەوە. بۆ ئەوەی عوقدەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بزوتنەوەیەکی بەرهەق و پڕتێچووی وەك بزوتنەوەی کورد لە ئێران تووشی سورپرایزی ناخۆش و دڵساردی نەکا، پێویستە :

- یان دەسەڵاتی ناوەندی بەجیددی و راستگۆیانە حیزبی دێموکڕات و بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران وەک پارتنێر قبووڵ بکا و حازر بێ بەشێوەی سالم و دێموکراتیک تەعامولی لەگەڵ بکا (شتێك کە تا ئێستا نەدیتراوە و بە سەرنجدان بە ماهیەت و نیەتی هەم کۆماری ئیسلامی و هەم لایەنە بە ئیدیعا سەراسەرییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران[115] وێ ناچێ لەمەودواش لانیکەم لە کورتخایەندا ببینرێ)؛

- یان حیزبی دێموکڕات و بزوتنەوەی کورد لە ئێران لاقیان بە قایمی لەسەر عەرزی خەباتی خۆیان گیر بێ و لەسەر خاکی خۆیان فاکتەری شوێندانەر و یەکلاکەرەوە بن. ئەودەم هەم ئێلیتی غەیرە کوردی مودەعیی دەسەڵات لە ئێران و هەم دنیای دەرەوە ناچار دەبن بە چاوێکی دیکە بۆ حیزبی دێموکڕات و بزوتنەوەی کورد بڕوانن.

نەتەوەی کورد بە گشتی و گەلی کورد لە ئێران بەتایبەتی کەوتۆتە دۆخێکی سەختی ژێئۆپۆلیتیکەوە کە بەشێوەی جوغرافیایی بۆخۆی دەستی وە دنیا راناگا و کۆنترۆڵی کارتە سروشتییەکانی سەرزەمینی خۆی کە دەیتوانی بۆ راکێشانی سەرنج و بەرژەوەندیی زلهێزەکان و

[115] لەڕوانگەی ئێمەوە، تەنیا کاتێک هێزێک یا ڕەوتێک بەڕاستی دەتوانێ ئیدیعای سەراسەری بوون بکا کە ئاخێزگە و پلاتفۆرمەکەی ڕەنگدانەوەی ویستی هەموو پێکهاتەکان و واقعیەتەکانی تەواوی جوغرافیای وڵات بێ و گەل و ناوچە پەڕاوێزخراوەکان بە هەمان ئەندازەی ناوەند و پڕۆسە دیارترەکانی وڵات لەبەرچاو بگرێ.

دروستکردنی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی حاکم بەکاریان بێنێ، لانیکەم جارێ لەدەست خۆیدا نین. لەلایەکی دیکەوە، دەسەڵات لە ئێراندا بە هۆکاری نێوخۆیی و نێودەڵەتی پاشخان و زەمینەی مامەڵەی بنیاتنەر و نیەتپاکانە لەگەڵ پرسی پێکەوەژیانی گرووپە ئێتنیکەکانی نیە و زەحمەتە ئالەنگارییەکانی سیناریۆی ناڕوونی ئاڵوگۆڕەکانی لەمەودوای ئێران و ناوچەش بەم زووانە وەها پاشخان و زەمینەیەک پێک بێنن.

هەربۆیە پاڕادیپلۆماسیی حیزبی دێموکڕات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات تەنیا کاتێک دەسکەوت و بەرهەمی چاوەڕوانکراوی دەبێ کە فاکتەری کوردی لە ئێران بۆخۆی بەهێز بێتەوە. ئەو قسەیەی دوکتور قاسملوو کە دەیگوت ئێمە هەم لەبەر ئەوەی سەربەخۆیی سیاسیی خۆمان خۆش دەوێ و هەم لەبەر ئەوەی بۆ بەرژەوەندیی زلهێزەکان سەرنجڕاکێش نیین لە دنیای دەرەوەدا یار و پشتیوانی ستراتژیکمان نیە، بۆ ئەمڕۆش کەم و زۆر ڕاستە. بەڵام ئەگەر لەو سەردەمەدا هیچ دەسەڵاتێکی گەورەی جیهانی حازر نەبوو خۆی لە مەسەلەی کورد بە خاوەن بکا، ئەوە کەمتر لەبەر ئەوە بوو کە بە قەولی د. قاسملوو کورد وەك ئێریترە دژایەتیی سۆڤیەت ناکا هەتا ئەمریکا پشتیوانیی لێ بکا و وەک نیکاراگواش دژایەتیی ئەمریکا ناکا هەتا شووڕەوی پشتی بگرێ. بەڵکوو زۆرتر لەبەر هاوکێشەی سیاسی و دوورەدیمەنی بەرژەوەندییە ستراتژییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو.

ئەزموونی سێ دەهە تەعامول و هاوکاریی چڕوپڕی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا و فەڕانسە لەگەڵ هەرێمی باشووری کوردستان بە ئێمە دەڵێ کە بەپێچەوانەی هێندێك شرۆڤەی خۆشبینانە، نەخشە و دوورەدیمەنی ئەو بەرژەوەندییە ستراتژییانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەروا بە ئاسانی ناگۆڕێن. هەربۆیە دەگەڕێینەوە سەر ئەو ئاکامگیرییە کە مادام دەسەڵاتی نەیار نادێموکراتیک و دنیای دەرەوەش بێمەیلە، بزوتنەوەی کورد لە ئێران تەنیا بە یەکگرتنی ڕاستەقینە و بەکردەوەی سیاسی و پێکەوە گرێدانی هەموو جوغرافیاکانی خەبات و

هەماهەنگیی کارای هەموو پۆتانسیەل و فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگا[116] (بەتایبەتی لەو بوارانەدا کە بۆ حزووری مەیدانی و بنیاتمەندیی هێزی خەڵک و کۆنترۆڵی خاک و سەرچاوەکان گرینگن)، [117] دەتوانێ باڵانسی هێز بە قازانجی خۆی بگۆڕێ.

ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات - لە مەیدانی نێوخۆییدا وەك لە مەیدانی نێونەتەوەییدا- واز لە تەکڕەوی بێنن و بە فەلسەفە و مەرجەعیەت و نەخشەڕێگایەکی ستراتژیک و هاوبەشەوە کار بکەن کە لە ڕێگەیەوە هەم ئامانج و بنەمای ڕوانین، هەم شێوازی خەبات و کەرەستە کۆن و مۆدێرنەکانی بردنەپێشی ئەو ئامانج و ڕوانگەیە (لە هێزی پێشمەرگە و بزوتنەوە جەماوەرییەکانەوە بگرە تا بواری مێدیایی و لۆبیگەریی دیپلۆماسی بە پێناسەی فراوانەوە)[118] یەک بخەن، ئەو کاتە کورد لە ئێران دەتوانێ ببێ بەو فاکتەرە کە دەسەڵاتی حاکم و دنیای دەرەوە حیسابی جیددیی بۆ بکەن.

ئەوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەتایبەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا سیاسەتێکی کوردی (تایبەت بە کورد)یان نیە و مامەڵەیان لەگەڵ هەر پارچەیەکی کوردستان بەستراوەتەوە بە سیاسەتیان لەگەڵ دەوڵەتی حاکم بەسەر ئەو پارچەیەی کوردستاندا، وێ دەچێ لەو بوارەدا

[116] لەگەڵ ئەوە کە باوەڕ بە فرەڕەهەندیی خەبات هەمیشە لە سیاسەتی حیزبی دێموکڕاتدا هەبووە، لە ساڵانی دواییدا دوو لایەنی دێموکڕات و لەوەش فراوانتر دوو بەستێنی مەدەنی و شۆڕشگێڕیی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لەخۆڕا بەدەوری پرسی شێوەکانی خەبات و ئەولەویەتبەندیی ویست و ئامانجەکان تووشی دڕدۆنگی و لێکدوورکەوتنەوە ببوون. لە یەك دوو ساڵی ڕابردوودا نیشانەکانی گەیشتن بە سەنتێزێک وەدەرکەوتوون.

[117] ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەرەتایەکی هیوابەخش بۆ ئەم کارەیە کە تا ڕادەیەک کەسایەتیی خۆیشی وەدەست هێناوە، بەڵام ئەو چوارچێوەیە هێشتا دەڵەمە و سنووردار و ناپایەدارە.

[118] مەبەستمان لە پێناسەی فراوانی دیپلۆماسی ئەوەیە کە نابێ پێمان وابێ تەنیا سیاسەت کەرەستەی دیپلۆماسییە. لە دنیای ئەمڕۆدا ئەو بابەتانەی لە خانەبەندییە حقووقییەکاندا بەپلەی یەکەم بە سیاسی چاو لێ ناکرێن، وەك مافی مرۆڤ و مەسەلەی زمان و کولتور و ژینگە، ئاسانتر و کاریگەرتر لە دروشم و فۆرموولی گەورەی سیاسی کاریان لەسەر دەکرێ. یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی پاڕادیپلۆماسیی کورد و حیزبی دێموکڕات ئەوەیە کە بەهۆی پەرش و بڵاوی و بێبەرنامەیی و نەبوونی لێزانیی پێویست، هێندێک فایلی گرینگ (وەك تاوانی مرۆیی بەدژی خەڵکی کوردستان و پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو) ئێستاش بەنێونەتەوەیی نەکراون.

پاڕادیگمی نەگۆڕی نەسلی ئێمەش بێ. تەنیا بە جێبەجێکردنی ئیمپراتێتیڤ (زەروورەت)ی سەرەوەیە کە بزوتنەوەی کورد لە ئێران دەتوانێ مەسەلەی کورد لە پاشکۆیەتیی ئاڵوگۆڕەکانی ناوەند و ڕەوتە بەناو سەراسەرییەکان بێنێتەدەر و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا لە ڕەنگدانەوەی نادادپەروەرانە و ناڕەوای ئەو پاڕادیگمە کەم بکاتەوە.

***

"ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی جیهان لە چەند ساڵی ڕابردوودا نیشاندەری لاوازبوونەوەی مێکانیزمەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی و ڕەوتی ڕوو بە داخرانەوەی زیاتری بەشێك لە جەمسەر و دەوڵەتانی مەترەح لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەسەر خۆیاندایە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە تەنیا کاتێک ئایندەیەکی باشتر چاوەڕوانی مرۆڤایەتی و جیهان دەبێ کە بنەما و مێکانیزمەکانی هاوکاریی نێوان دەوڵەتان بەلەبەرچاوگرتنی ویست و بەرژەوەندیی خەڵک و پێکهاتەکانی وڵاتان بەهێز بکرێن و چیدیکە تاکڕەوی و ململانەی نێوان هێزە گەورەکان نەبێتە هۆی درێژبوونەوە و بێوڵام هێشتنەوەی قەیرانە سیاسی و ئینسانی و ژینگەییەکان. ئەمە بەتایبەتی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرینگە".

"سەبارەت بە فشارە نێودەوڵەتی و گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران، لەگەڵ ئەوە کە تێکچوونی زیاتری ژیان و گوزەرانی خەڵک بەهۆی تەحریمەکانەوە جێگەی داخە، بەڵام کۆماری ئیسلامی کە لەڕاستیدا خەڵکی ئێرانی بە بارمتە گرتووە، بە بەرپرسیاری ئەو دۆخە دەزانین. وێڕای بەپێویست زانینی هەر جۆرە فشارێکی نێودەوڵەتی کە مەیدانی مانۆڕی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بەرتەسک بکاتەوە، لەو باوەڕەداین کە پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە مامەڵەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا چیدیکە تەنیا خۆی لە پەروەندە ئەمنییەتییەکانی وەک پرۆگرامی ناوکی و سەقامگیریی ناوچەدا قەتیس نەکاتەوە. بەڵکوو زیاتر سەرنج بداتە پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵك و پێکهاتەکانی نێو ئێران و نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئەوان بە موخاتەب وەربگرێ هەتا خەباتی خەڵک بەدژی ڕێژیم لە یەکلا کردنەوەی چارەنووسی ئەو نیزامەدا کاریگەرتر بێ و ئایندەیەکی ڕوونتریش بۆ گەلانی ئێران لەڕێدا بێ".

"لە بەستێنی دیپلۆماسیدا پێویستە حیزبی ئێمە بەرنامەڕێژیی ورد و بەربڵاو بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا. ئێمە وێڕای پابەندیمان بە بەها سۆسیال دێموکراتییەکان وەک ئیدەئالێک بۆ ئایندەی کۆمەڵگای خۆمان، پێویستە لە بەستێنی نێونەتەوەییدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکان بجوڵێینەوە و ئەولەویەتیش بدەینە ئەو کاناڵ و ناوەندانەی بەرهەمی مەلمووسیان لە بەرژەوەندیی خەباتی گەلەکەمان لێ دەکەوێتەوە".

(بڕیارنامەی کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەندەکانی ئەلف:١ و ٢؛ د: ١)